گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(3).Paper17
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 15/09/2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 20/12/2023
ڕێـکەوتی بڵاو کردنەوە: **29/06/2025**

# وێناکردنی جلوبەرگی کوردی لە تابلۆی شێوەکارانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا

**پەیام ڕێبوار حەمەصاڵح** [1] - **نەبەز عبدللطیف**[2]
nabaz.mohammad@univsul.edu.iq - Payamrebwar389@gmail.com
[1+2] بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختەی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا توێژەر کاری لەسەر دیزاینی جلوبەرگی کوردی کردوە، بەتایبەتی لە هونەری شێوەکاری هاوچەرخی هەرێمی کوردستانی عیراقدا، ئەم لێکۆڵینەوەیە گەڕانە بە شوێن چەمکی ڕەسەنایەتی لە دیزاینی جلوبەرگی کوردی و تایبەتمەندیەکانی دەخاتەڕو، هەروەها لە ڕێگەی گریمانە و میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستییەوە، توێژەر بەدواداچون دەکات بۆ دەستنیشانکردنی میراتی فیکری و نەتەوەیی کورد لە ڕێگەی دیاریکردنی دیاردە بینراوەکە لە شێوەی بەرهەمێکی ناوخۆیی و ئامادە لە ئێستادا، گەرچی چەندین گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی و پێشکەوتنی پیشەسازی لە ناوچەکەدا ڕویانداوە. ئەم توێژینەوەیە پێکهاتوە لە چوار بەش، بەشی یەکەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ چێوەی گشتی توێژینەوەکە کە بریتییە لە کێشەی توێژینەوە و پرسیارە سەرەکییەکانی، وەک خستنەڕوی پرسی ڕەسەنایەتی و هۆکارەکانی جیاوازی دیزاینی جلوبەرگی کوردی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، هەروەها خستنەڕوی پرسیارێک سەبارەت بە فاکتەرەکانی ڕەنگدانەوەی دیزاینی جلوبەرگی کوردی لە هونەری شێوەکاری هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا، هەر بەشی یەکەم گرنگی و ئامانج و سنوری توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، بەشی یەکەم بە پێناسەکردنی زاراوەکان کۆتایی دێت، بەپێی پێناسەی وشەکان لە فەرهەنگەکانی زمانەوانی و پێناسەکردنی چەمک لە بواری بەکارهێنان و پێناسەی ڕێکاری. لە کاتێکدا بەشی دوەمی ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ چێوەی تیۆریی توێژینەوەکە کە بریتییە لە دو توێژگە، توێژگە یەکەم بە ناونیشانی (توخمە بنەڕەتیەکانی دیزاین) هاتوە، لە کاتێکدا توێژگەی دوەم لەژێر ناونیشانی (پوختەیەک سەبارەت بە مێژوی جلوبەرگی کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراق) جێگیرکراوە.

**کلیلە وشەکان:** دیزاین، دیزاینی جلوبەرگ، هونەر.

# Depiction of Kurdish clothing in paintings by artists from the Kurdistan Region of Iraq

**Payam Rebwar hamasalih[1] - Nabaz Abdullatif[2]**
[1+2] Department of Painting, College of Fine Arts, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract
In this research, the researcher has worked on investigating about Kurdish design clothes and its reflections especially in contemporary art in Kurdistan Region of Iraq. This research presents the basic concept of authenticity in Kurdish fashion design and its characteristics. This research contains four chapters. The first one of the research is devoted to the general framework of the research, which is containing the Research problem and the main questions, such as presenting the issue of authenticity and arguing the reasons behind the unique form of Kurdish clothing design and the differences with neighborhood countries, as well as presenting a central question about the factors of reflecting Kurdish clothing design within contemporary painting in Kurdistan Region. The first section also includes terms and glossary definition, according to the definition of words in the linguistic context in addition to the concepts definition of the term, in the field of its usage and to be matching the procedures of the recent research.
While the second chapter of this research is devoted to the theoretical framework of the research, which consists of two topics, the first topic is entitled (The Basic Elements of Design), while the second topic is entitled (A brief study about the roots of Kurdish Clothing).

**Keywords**: Design, Fashion Design, Art.

**پێشەکی:** دەکرێت لەگەڵ ڕوداو و گۆڕانکارییەکانی دەوروبەر و کۆمەڵگەدا (مەبەست کۆمەڵگەی کوردستانە) ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییە خێرایانە بین، بە جۆرێک درک بەو ڕاستییە بکەین کە مێژوی ئەو نەتەوەیە چەند دێرین بێت بەپێی تێپەڕبونی کات گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەم گۆڕانکاریە بەهۆی تێکەڵبونی کلتورەکان و کاریگەری کلتوری وڵاتانی دەوروبەرەوە بێت یاخود بەهۆی بەرەوپێشچونی پیشەسازی و ماتڕیاڵەوە بێت. لەناو جلوبەرگی کوردیشدا وەک جلوبەرگە جیهانییەکان بێبەش نییە لە فاشیۆن ستایلی جیاواز کە هەریەکەیان دەتوانرێت لە جلوبەرگی کوردیدا جودابکرێتەوە و بە جۆرێکی جیاواز بپۆشرێت بەپێی بۆنەو ژیانی ڕۆژانە، لە ڕێگەی کاری هونەری هونەرمەندانەو هەمیشە ئەم گۆڕانکاریانە تۆمارکراوەوە خراوەتەڕو، کە هەریەکەیان نوێنەرایەتی سەردەمێك و جۆرێک لە جلوبەرگی کوردی دەکەن.

## بەشی یەکەم

## چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

### ١-١ کێشەی توێژینەوە:

لەگەڵ گەورەبونی جیهان و بەرەوپێشچونی مرۆڤایەتی و زیادبونی کێشەکان، مرۆڤی دێرین هەر لە کۆنەوە لە هەوڵی جێگیربون و بەرەنگاربونەوەی هەمو ئەو گۆڕانکاریانەی نێو سروشتی داوە، هەر لە ئەشکەوتەکانەوە کە هەوڵێ ڕاوکردن و کۆکردنەوەی خۆراک و وێنە سەرەتایەکانی داوە بۆ توانای زاڵبونیان بەسەر هەمو ئاژەڵە زەبەلاح و درندەکاندا. بۆیە مرۆڤی دێرین کەڤەرکردنی جەستەیان بە پێویست زانیوە، وەک بەشێک لە خۆپاراستن لە هەمو ئەو کێشانەی نێو سروشت. لەسەرەتاوە تەنها هەوڵی ڕوپۆشکردنی چەند بەشێکی جەستەیان داوە، دواتر بەپێی زیادبونی پێویستییەکان و گۆڕانکارییە بایلۆجییەکان، دەستیانکردوە بە بەکارهێنانی پێستی ئاژەڵان و دواتر تێکەڵکردنی چەند جۆێک پێکەوە بە مەبەستی جوانکاری، دواتر جیاکاری بەپێی جێندەر لە ڕوپۆشەکاندا . لەپاش بەرەو پێش چونی مرۆڤایەتی و دروستبونی هۆز و خێڵ هەر نەتەوەیەک مۆرکێکی تایبەت بە نەتەوەکەی خۆی وەرگرتوە، کە لەگەڵ جوگرافیاو بارودۆخی ژیانکردنیان گونجاو بێت بەپێی بەکارهێنانی ئیستاتیکای تایبەت بە خۆیان. نەتەوەی کوردیش وەک هەر یەکێک لە نەتەوەکانی جیهان بێبەش نەبون لە دیزاینکردنی جلوبەرگی نەتەوەی تایبەت بە خۆیان، بەڵام نەتەوەی کورد بەهۆی جێگیرنەبونی لە ڕوی بارودۆخی سیاسیەوە، هەردەم لە جەنگ و لەژێر دەستی نەتەوە زلهێزەکان و داگیرکەرەکانی دەوروبەردا بوە، بۆیە بەشێکی زۆری لە ڕەسەنێتی جلوبەرگ و ئاسەوارەکانی لەدەستداوە و تێکەڵ بوە لەگەڵ نەتەوەکانی دەوروبەر. بەڵام سەرباری هەمو ئەو بارودۆخ و جەنگ و داگیرکەرییەی کە بەسەر نەتەوەی کوردا هاتوە، مۆرکی کوردی تارادەیەک جێی خۆی کردۆتەوە لەروکاری جلوبەرگەکاندا، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەوە ڕون و ئاشکرایە کە بەبێ کۆکردنەوە و دۆکیومێنتکردنی ئەو دیزاینانە، ئەو جیاکاری و ڕەسەنێتیەی جلی کوردیمان بۆ ناخرێتە بەرچاو، لەڕوی دیزاین و ماتریاڵ و جوگرافیا و ڕەگەزەوە، کە لە ڕێگەی خستنەڕوی چەند پرسیارێکی گرنگ و سەرەکی لەلایەن و توێژەرەوە، کە دواتر لە درێژەی توێژینەوەکەدا بە وردی وەڵامیان دەدرێتەوە. وەک بابەتێکی گرنگی نەتەوەی لەسەر جلوبەرگی کوردی کە بۆشایەکی بەرچاوی دروستکردوە:

١.ئایا دیزاینی جلوبەرگی کوردی شێوازێکی ڕەسەن و تایبەتی هەیە بۆ ئەفراندنی فۆڕمێکی جیاواز لە وڵاتە دراوسێکانی هەرێمی کوردستانی عێراق؟

٢.ئایا پەرچاندنی ڕەهەندەکانی هونەر و ئیستاتیکا جەستاندن دەکات لە بەرهەمەکانی کلتوری کورد بە تایبەت لە دیزاینی جلوبەرگی کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراق؟

### ١-٢ گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا لەسەر بنەماکانی پەیوەندی کارلێکی نێوان دیزاینی جلوبەرگی کوردی و هونەری شێوەکاری هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستانی عێراق دادەمەزرێت، هەڵبەتە بەشێکی ئەم پەیوەندییە پەیوەستە بە چەمکی ڕەسەنایەتی و ناوازەیی دیزاینی جلوبەرگی کوردییەوە هەیە کە هاوشێوەی جلوبەرگی وڵاتانی دەوروبەری کوردستان نییە، ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکی تیۆری ڕاستەقینەی بۆ دەستنیشانکردنی میراتی فیکری و نەتەوەیی کورد لە ڕێگەی واتاسازی فۆرمەوە لە شێوەی بەرهەمێکی ئامادە لە ئێستادا و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی ئەو میراتە شارستانیە لە ناو کاری هونەرییدا بەتایبەت لە بوارەکانی شێوەکاریدا، هەروەها گرنگی توێژینەوەکە لایەنەکانی ئەرشیف و تۆمارکردنی بەڵگەنامەکانی ئەم بابەتە لەخۆدەگرێت، کە

لەڕێگەی کارە هونەرییەکانەوە زانیاری و زۆرترین داتا کۆدەکرێنەوە و دەبێت بە سەنتەری لێکۆڵینەوە لە بابەتی ناسنامەی نەتەوەیی لە بوارەکانی فاشن دیزاین هەروەها لە چوارچێوەی کاری هونەرییدا.

## ١-٣ ئامانجی توێژینەوە:

١.دەرخستنی تێگەی پەرچاندنی ڕەهەندەکانی هونەر و ئیستاتیکا لە دیزاینی جلوبەرگی کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢.دەرخستنی تایبەتمەندی و جیاوازییەکانی جلوبەرگی کوردی لە شارەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

## ١-٤ سنوری توێژینەوە:

سنوری بابەتی: سنوری بابەتی: دەرخستنی ڕەنگدانەوەی دیزاینی جلوبەرگی کوردی لە کارە هونەرییە هاوچەرخەکاندا لە کوردستانی عێراق.

سنوری شوێن: دەرخستنی ڕەنگدانەوەی دیزاینی جلوبەرگی کوردی لە کارە هونەرییە هاوچەرخەکاندا لە کوردستانی عێراق.

سنوری کات: ٢٠١٢-٢٠٢٢

## ١-٥ پێناسەی زاراوەکان:

### دیزاین Design

**شیکردنەوەی ڕێکاری: دیزاین**

چەمکی دیزاین لەسەر بنەمای ئەو تێڕوانینە دانراوە کە پرۆژەکان ڕێڕەوی سیستمی کارن، کە بریکارەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، کە کار دەکەن بۆ دیزاین کردنی سیستمەکان و خاوەن پیشەکان، بە بەکارهێنانی سەرچاوەو ئامرازەکان بۆ بەجێهێنانی ئەم ئەرکە. یاخود بە جۆرێکی دی دەتوانین بڵێین هێڵکارییەکی سەرەتاییە بۆ نیشاندانی شێوە یاخو ئەرکی هەر بابەتێک کە دروست دەکرێت. دو جۆر دیزاینمان هەیە (دیزاینی هونەری، دیزاینی ئەندازیاری)
دیزاینی ئەندازیاری یاخود دیزاینی ناوەوە: بریتییە لە هونەر و زانستی بەرزکردنەوەی ناوەوەی بینایەک بۆ بەدەستهێنانی ژینگەیەکی تەندروستتر و دڵخۆشکەرتر لە ڕوی جوانکارییەوە بۆ ئەو کەسانەی کە ئەو جێگەیە بەکاردەهێنن.

**شیکردنەوەی چەمکی: دیزاین**

پلانێک یان وێنەکێشانێک کە بەرهەمهێنراوە بۆ نیشاندانی دیمەن و ئەرک یان کارکردنی بینایەک، جلوبەرگێک، یان شتێکی تر پێش ئەوەی دروست بکرێت. (سەجادی، ٢٠٠٤، ٤٦).

### دیزاینی جلوبەرگ Fashion Design

**شیکردنەوەی ڕێکاری: دیزاینی جلوبەرگ**

دیزاینی جلوبەرگ هونەرە لە بەکارهێنانی ئیستاتیکا و جوانی سروشتی لە جلوبەرگدا، کە کلتور و کۆمەڵگە و جوگرافیا، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لە دروستبونیدا هەیە، بە شێوەیەک ڕون و دیارە کە جلوبەرگی ناوچەیەک لە ناوچەیەکی دی جودادەکرێتەوە.

### شیكردنەوەی چەمكی: دیزاینی جلوبەرگ

دیزاینی مۆدە بریتییە لە هونەری بەكارهێنانی دیزاین و جوانكاری یان جوانی سروشتی بۆ جلوبەرگ و ئیكسسوارات. دیزاینی مۆدە لە ژێر كاریگەری پانی كولتوری و كۆمەڵایەتیدایە، و بە تێپەڕبونی كات و شوێن گۆڕانكاری بەسەردا هاتوە.(محەمەد، ٢٠١٩، ٨٧).

### هونەر Art

### شیكردنەوەی چەمكی: هونەر.

بنەڕەتی وشەی هونەر لە زمانی كوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (حونەری و حونەر) كە لە وەسفكردنی هەر شتێكدا لەكاتی قسەكردندا بەكاردێت، كە لە زمانی قسەكردندا بۆ وەسفكردنی هەر كارێك، كە بەدیهێنانی جۆرە زرنگی و وریایەكی نائاسای پێویستبێت بەكاردەهێنرێت. وشەی (Art) لە لاتینی كۆندا واتە پیشە یاخود هەر پسپۆڕیەك لە پیشەدا دەگەیەنێت، وەك پیشەی دارتاشی یاخود ئاسنگەری، گریك و ڕۆمانییەكان ئەو باوەڕەیان نەبو كە ئێمە هەمانە، كە هونەر شتێكی جیاواز بێت لە پیشە. وشەی هونەر بە سانای پرۆسەكەیە یاخود دەرئەنجامی كارێكە كە هونەرمەند بەرجەستەی دەكات. (میراودەلی، ٢٠٠٦، ٨).

### شیكردنەوەی رێكاری: هونەر

بریتیە لە دەربڕین، یاخود بەهرەی داهێنەرانەی مرۆڤ، كە بە شێوەی بینراو یاخود بیستراودا دەخرێنەڕو، كە بە هۆی جوانی هێزی هەست و سۆز تێیاندا بەرز دەنرخێنرێن. (قانع، ٢٠٠٣، ٣٢).

## بەشی دوەم

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

## توێژگەی یەكەم

### ١ توخمەكانی دیزاین لە دیزاینی جلوبەرگدا

#### ا-هێڵLine

هێڵ ئاماژەیە بۆ لێوار یان هێڵكاری جلوبەرگ و هێڵی ستایل كە فەزای ناو جلێك دابەشدەكات. هێڵ دەتوانێت وەهمێكی بینراو دروستبكە ئەگەر بە لێهاتویی بەكاربهێنرێت، هێڵ سادەترین و گرنگترین توخمە بۆ دیزاینكردن. هەمو هێڵەكان درێژی و پانییان هەیە لە بنەڕەتدا، هێڵی ڕاست و كێشراو بەكاردێن لە دیزاینكردنی ستایل بۆ جلوبەرگ، هێڵی ڕاست دەتوانێت ڕاست، ئاسۆیی، یان ستونی هەبێت. هێڵەكان ئاراستە و پانی و درێژییان هەیە. ئاراستە دەتوانێت ڕاست، ئاسۆیی، ستونی یان كێشراو بێت، جوڵەی چاوی بینەرێك لە رێگەی وێنەیەكەوە یاخود دیزاینێكەوە یاری پێدەكرێت بەهۆی ئاراستەی هێڵەكان گرنگە ئەو هێڵانە بە گونجاوی بەكاربێن بۆ ئەوەی وەهم یان وێنە دروست بكات لای بینەر یاخود بەكاربەر. هێڵی دیزاینی جلوبەرگێك، یارمەتی چاوەكانی بینەر دەدات كە ئاراستەیەكی دیاریكراو بكەوێت. دەتوانرێت بە زیرەكی ئەم هێڵانە بەكاربهێنرێت بۆ باشتركردنی شێوە و ڕێژەی لەش. هێڵی جلوبەرگێك پەیوەندی بە بڕینەكەیەوە هەیە. ئەم هێڵانە بۆشای ناو هێڵكاری جلوبەرگەكە دەشكێنن و شێوەی لێدروست دەكەن، هێڵە ڕاستەكان مەیلیان هەیە جەستە درێژ بكەنەوە و

باریکتر دەربیخەن، هێڵێکی ستونی بە شێوەیەکی ئاسایی لە لایەکەوە بۆ لایەکیتر بەپێی مەیلی زیادبون یان کەمبونەوەی پانی لە دیزاینەکەدا. نمونەی هێڵە ستونییەکان کە لە دیزاینی مۆدەدا بەکاردەهێنرێن بریتیین لە تەنورە، چاکەت، هێڵی مل، پانتۆڵی خوار زەنگ، ملی شیلاوگ یاخود قات قات وەستاو و هتد. هێڵە کێشراوەکان لە نەرمەوە جیاوازن کێشەکان بۆ هێڵە تەواو گولاو و پێچاوپێچەکان. هێڵە کێشراوەکان نەرمی و مێینەیی بۆ دیزاینێک زیاددەکەن. ڕەنگە هێڵە کێشراوەکان لە دیزاینی جلوبەرگدا بەشێوەیەکی دیکۆرات بەکاربهێنرێن لە لێوارەکاندا. هێڵە چەماوەکان بەپێی دیزاینەکان لە شوێنی گونجاودا بەکاردێن بەڵام دەبێت زۆر وشیارانە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت لە بەکارهێنانیان لە جلوبەرگدا چونکە هێڵی چەماوە هەستی پانی یاخود فراوانی دەداتە چاوی بینەر. هەندێک جار لەدیزاینی جلوبەرگدا هێڵەکان لە ڕێگەی بڕین و دورینەوە دەخرێنەڕو کە هەمان کاریگەری دروست دەکات. هێڵ کاریگەریەکی گەورە دروستدەکات لە دیزایندا لەسەر جەستە، هەمو ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر جەستەدا دێن بە هۆی جلوبەرگێکەوە ئەوا هەموی کاریگەری هێڵە لەناو دیزاینی ئەو جلوبەرگەدا. هێڵە بۆڵد و ئەستورەکان وا دەکەن کە فیگەرەکە گەورە دەربکەوێت یاخود ئەو بەشەی جەستە گەورەتر دەربکەوێت لە قەبارەی ئاسایی خۆی. (Gobeto deme,2016, 56-60). (Reeha, 2018, 2-4).

## ب- شێوە یان سیلوێتShape

دەتوانرێت سیلۆتێک وەک هێڵکاری تەواوی جلەکە وەسف بکرێت. ئەمە دیارترین توخمە بینراوەکەی جلوبەرگ کە کاریگەری سەرەتایی دروست دەکات پێش ئەوەی سەرنجی هەر وردەکارییەکی تر بدرێت. ئەو شێوەیەی هێڵە دەرەکییەکانی جلوبەرگ بە سیلۆت ناسراوە. ئەو هێڵکاریە بەوە ناسراوە کە کەسانی تر لە دورەوە تێبینیدەکەن و تێدەگەن لە ناوەڕۆکی دیزاینەکە لە ڕێگەیەوە، سلوێتەکان بەپێی مێژوی سەردەمەکان هەر دەیەکەیەک کار لەسەر جۆرە جلوبەرگێک دەکەن بەپێی ستایلی ئەو سەردەمە گەشە دەکات بۆیە سیلۆیەتی مۆدەی جیاواز پەرەدەستێنێت و ئەمانە بۆ جوانکردن و پیاهەڵدانی شێوەی جەستەیە، یان زیادەڕۆی دەکەن بۆ دەرخستنی هەندێک بەشی جەستەو شارندەوەی هەندێک بەشی دی تا بە جوانترین شێوە جەستەکە پشان بدەن لە ڕێگەی دیزاینی جلوبەرگ. (Reeha, 2018, 4-8).

## پ- پێکهاتە یاخود ڕوتەختTexture

پێکهاتە و پێکهاتەی تایبەتمەندی هەروەها چۆنێتی ڕوکاری ماددەیەکە وەسفی هەستپێکراوی ڕوکارێک دەکات جا ڕاستەقینە بێت یان هاوشێوە. پێکهاتەی قوماشێک سەرنجی چاوەکان ڕادەکێشێت، هەروەها لە ڕێگەی هەستی دەست لێدانەو هەست بە چۆنێتی ئەو ڕوتەختە دەکەین. پێکهاتە ئاماژەیە بۆ دەرکەوتن و هەستی ڕوکاری قوماشێک، ئەمەش لە ئەنجامی جۆری کەرەستەی خاو و جۆری ئەو بونیادەوەیە کە لە بەرهەمهێنانی قوماشەکەدا بەکاردەهێنرێت. ڕەنگە پێکهاتەی قوماشێک بەم شێوەیە وەسف بکرێت کە نەرم، زبر، بریقەدار، مات، گەورە، شەفاف، ئەستور و نەرم. ئەمانەش هەموی لە ڕێگەی هەستی چاو یاخود دەست لێدانەوە بۆمان دەردەکەوێت. دیزاین و پێکهاتە پەیوەندیەکی نزیکیان هەیە لەوەدا، لە هەندێک کاتدا دیزاینی بونیادەکە پێکهاتەکە دیاریدەکات. پلەکە لە ڕەقبون یان نەرمی و کێشی قوماشەکە کاریگەری لەسەر قورسیەکەی دەبێت، کیش و هاتنەخوارەوەی قوماش هۆکارێکی گرنگە کە دیاری دەکات کە قوماشێکی دیاریکراو چەندە باش لەگەڵ جەستەدا دەجولێت و چەند یارمەتیدەرە بۆ بەدیهێنانی دیزاینەکە و پاراستنی شێوەی ستایلەکە، بریقەی قوماشەکانی وەک ساتن، وایان لێدەکات کە زیاتر گونجاوە بۆ لەبەرکردنی ئێواران زیاتر، نەک جلێک کە لە ڕۆژدا لەبەردەکرێت، چونکە ئەم جۆرە قوماشانە زیاتر ڕوناکی لە ڕۆژدا دەدەنەوە بریقەیەکی زۆر دەدەنە چاو. بەڵام گونجاوترە بۆ شەو بەهۆی نەرمییانەوە. کوالیتی یان پێکهاتەی ماددەیەک دەتوانێت تۆنی ڕەنگەکەی بگۆڕێت. ڕویەکی زبر لەوانەیە کاریگەری لەسەر ڕواڵەت هەبێت، ڕوکارە زۆر نەرم و بریقەدارەکان سەرنجڕادەکێشن بەهۆی ئەو بڕە

ڕوناکییەی کە ڕەنگیان دەداتەوە. لەلایەکی دیکەوە، پێکهاتە زۆر زبرەکان ڕیشاڵی بچوکیان هەیە کە سێبەر دەخەنە ناو ڕوناکییەکەوە. کە وادەکات ئەم سێبەرانە ڕەنگەکە تاریکتر دەربکەوێت. ڕەنگە ڕەنگێکی یەکسان لە دو قوماشدا کە پێکهاتەی جیاوازیان هەیە وەک یەک دەرنەچێت بۆ نمونە، ڕەنگی شینی کاڵ لە قوماشێکی ساتندا کاڵتر دەردەکەوێت وەک لە قوماشێکی خوریدا گەر هەمان تۆن و هەمان ڕەنگیش بن، چونکە قوماشە خوریەکە دەوڵەمەندی و قوڵی دەبەخشێت بە سێبەری ڕەنگی قوماشەکە بەهۆی پێکهاتەکەیەوە. پێکهاتە دەتوانێت وەهم بۆ فیگەری لەبەرکەر دروست بکات، قوماشێکی بریقەدار وەک ساتن قەبارەی فیگەری لەبەرکەر زیاددەکات بەم شێوەیە، وا دەکات ژمارەکان گەورەتر دەرکەون لەوەی کە هەن. هەروەها جەخت لەسەر هەڵەکانی فیگەر یان کەموکوڕییەکان دەکاتەوە، بۆیە ئەمە گونجاو نیە بۆ کەسانی کێش زۆر. هەروەها پێکهاتەی مات وا دەکات فیگەرێکی باریک بچوکتر دەربکەوێت. بۆیە پێکهاتەی قوماش کاریگەریەکی زۆری لەسەر جەستە هەیە دەبێت قوماشەکان بەپێی پێکهاتەکانیان لە دیزاینەکاندا جودابکرێنەوە بەپێی پێکهاتەی جەستەی پۆشەر.( Gobeto deme,2016, 56-60 ).

### ت-ڕەنگ لە دیزاینی جلوبەرگداColor

ڕەنگ زۆرترین کاریگەری بینراو دروست دەکات کاتێک لە دورەوە دەبینرێت، ئەوە کاریگەرترین توخمە کە بەشداری دەکات لەسەر کارتێکردنە سەر سروشتی دیزاینەکە و جلوبەرگەکە. هیچ یاسایەکی جێگیر نییە سەبارەت بە ڕەنگێکی دیاریکراوی جوان ناسراو لە دیزاینی جلوبەرگدا. ڕەنگ بەهای کەسی هەیە بۆیە ئارەزوی کەسی بۆ هەندێک ڕەنگ کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی تاکێک دەبێت. دەتوانرێت هەمو ڕەنگەکان لەبەربکرێت ئەگەر مرۆڤ بزانێت چۆن بە ژیری بەکاریانبهێنێت. ڕەنگ یەکێکە لە بابەتە ئاڵۆزەکان کە چەندین تیۆری قوڵ لەخۆدەگرێت لە ڕوی کاردانەوەی ڕەنگی و گونجاندنیان بەپێی بازنەی ڕەنگەکان. (Gobeto deme,2016, p56-60). (Khan,2022, 7-9).

## ٢- بنەماکانی دیزاین لە دیزاینی جلوبەرگدا

ئامانج لە دیزاینی جلوبەرگ هەڵبژاردنی بنەماکانی دیزاینە وەک ڕێنماییەک بۆ بەکارهێنانی توخمەکان. ئەمەش واتە بنەماکان یارمەتی دیزاینەر دەدەن تێبگات کە چۆن توخمەکانی دیزاین پێویستە لە دروستکردنی دیزاینی گونجاودا بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی ئامانجەکانی جلوبەرگ بەدیبهێنرێت بەشێوەیەکی گونجاو. هەندێک لە ئامانجەکانی جلوبەرگ وەک گەیشتن بە جلوبەرگێک کە پۆشەر ئاسودە بێت لە لەبەرکردن، بۆ بەدەستهێنانی هەستی ئارامی لە کاتی پۆشێنیدا. یاخود بۆ جەختکردنەوە لەسەر خاڵە باشەکان و کەمکردنەوەی خاڵە خراپەکان لەسەرجەستەی پۆشەر. ئەمانە کاتێک بەکاردەهێنرێن کە مرۆڤ بیەوێت دیزاینێکی سەرنجڕاکێشی جوانکاری دروست بکات. جوانی یاسا سێ ڕەهەندییەکانی بیناسازی لەخۆدەگرێت کە پێیان دەوترێت توخم و بنەماکانی دیزاین. بنەماکانلە دیزاین ئەو یاسایانەن کە چۆن ئەم توخمانە یەکدەگرن(Reeha, 2018, 6-9).

### ا-هاوسەنگیBalance

هاوسەنگی لە دیزاینێکدا لەوانەیە یان فەرمی بێت یان نافەرمی. هاوسەنگی فەرمی بە هاوسەنگی هاوسەنگ یان هاوسەنگی یەکسان ناسراوە لە ڕێکخستندا، ئەو دیزاینانەی کە لە هەردو لای جلوبەرگێکدا وەک یەک دەردەکەون، هاوسەنگییەکی فەرمییان هەیە، یان هاوسەنگی هاوسەنگ. هاوسەنگی هاوسەنگ هێڵەکانی ستایل و وردەکارییەکان بە یەکسانی لەسەر جلوبەرگەکە دادەنێت. لە دیزاینێکی هاوسەنگدا کێشی توخمە جیاوازەکانی دیزاینەکە بە یەکسانی دابەش دەکرێت بۆ دروستکردنی هاوسەنگی. ئەمە سەقامگیری بە تەواوی دیزاینەکە دەبەخشێت. کاتێک بەشە جیاوازەکانی دیزاینەکە بۆ

نمونە ڕەنگ و پێکهاتە و هێڵ لە قوماشەکەدا بەشێوەیەک ڕێکخراوە کە هەستکردن بە هاوسەنگی ئەنجام بدات، ئەوە دیزاینێکی فەرمی یە. ئەمە ئەوهایە کاتێک دیزاینەکە لە هەر لایەکی ناوەڕاستدا وەک یەکە هەروەها هەستێکی هاوسەنگی بەرهەم دێت کاتێک ڕووبەرە گەورەکانی ڕەنگاوڕەنگ بە ناوچەی بچ وک بە ڕەنگی گەش یان سێبەر یەکسان دەکرێن ئەمەش هاوسەنگی هاوسەنگە، هاوسەنگی نافەرمی یان ناهاوسەنگ بە واتای هاوسەنگی نایەکسان دێت، ئەمەش واتە هەرچەندە هەر لایەکی دیزاینەکە بە هەمان شێوە سەرنجراکێشە یان گرنگە بە تەواوی لە دیوەکەی تری دیزاینەکە ناچێت کە جێگیرکردنی تێدایە، توخمەکان بە شێوەیەک ڕێگە بە شتەکان بدات کە کێشی بینراویان جیاوازە هاوسەنگی یەکتر بکەن لە دەوری خاڵی ناوەند. بۆ بەدەستهێنانی کاریگەرییەکی دراماتیکی وروژێنەرتر دەتوانرێت هاوسەنگی ناهاوسەنگ بەکاربهێنرێت.(Gobeto deme,2016, 56-60).

### ب- جەختکردنەوەEmphasis

جەختکردنەوە هەر شتێک کە تایبەت دەکرێت یان زیاتر دیاربێت جەختی لەسەر دەکرێتەوە. توخمێکی دیزاینێک کە زاڵبێت یان ببێتە ناوەندی بەرژەوەندی، جەختی لەسەرە. کە بەپێی داڕشتنی دیزاینەکە دەتوانرێت جەخت بکرێتە سەر ئەو ناوچانەی دیزاینەر مەبەستیەتی. یەکێک لە گرینگترین شتەکان لە دیزاینێکدا بریتییە لە جەختکردنەوەیەک لەو دیزاینەدا، چونکە ناوەندی جێگەی سەرنجە و زاڵە بەسەر باقی دیزاینەکەدا. دەتوانرێت جەختکردنەوە بە جیاوازی پێکهاتە، ڕەنگ، هێڵ، خاڵ، یان بە بەکارهێنانی شێوەیەکی نائاسایی کە لەسەر ڕوی جلوبەرگ لە شێوەیەکی دانراو لەسەر ڕوتەختی دیزاینەکە، جەختکردنەوەش بەهەمان شێوە وەک هەمو کەرەستەکانی دی کاریگەریەکی گەورە دروست دەکات لەسەر جەستە، کە لەڕێگەیەوە داتوانیت جەخت بکەیتە سەر هەمو ئەو بەشانەی کە پۆشەر مەبەستیەتی دەریبخات و لە هەمان کاتتدا ببێتە هۆی شاردنەوەی هەڵەکان.(Reeha, 2018, 9-15).

### پ- ڕیتمRhythm

هەمو دیزاینێک ڕیتمێکی هەیە کاتێک هێڵ و ڕەنگ و پێکهاتەکە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ڕێکدەخرێت، بۆ ئەوەی چاوەکانی مرۆڤ بە ئاسانی لە بەشێکی دیزاینەکەوە بڕوات بۆ بەشێکی تر. ڕیتمێکی دڵخۆشکەر دیزاینێک بەیەکەوە دەبەستێت و کۆی دەکاتەوە، هەروەها دەتوانرێت دوبارەبونەوەی ڕەنگ بەکاربهێنرێت بۆ دروستکردنی ڕیتم لە هەریەک لە جلێکدا. دوبارەکردنەوەی ڕەنگ لە سێ قاتدا لە لێواری جلەکە ڕیتم دروست دەکات. بە دوبارەبونەوەی ئاسایی لە تایبەتمەندییەکانی دیزاین وەک کێشەکان، پێکهاتە، هێڵەکان و ڕەنگ، ڕیتم دروست دەکرێت. دوبارەبونەوەی شریتی کۆکراوەی قوماش کە لەسەر درزەکە درووێنراوە هەروەها ڕیتمێک دروست دەکات. ڕیتم بە تیشکدانەوە لە جلێکدا دروست دەبێت کاتێک هێڵەکان لە ناوەندێکی سەرنجراکێشەوە دەڕژێن، کە کۆکردنەوە بە ئەڵقەیەکی دانراو ئەنجام دەدرێت لە ناوەڕاستی پێشەوەی بلوزەکە. کۆبونەوەکە چاوی مرۆڤ ڕادەکێشێت بۆ جوڵەی هێڵەکان لە دیزاینەکەدا. بە زیادکردن یان کەمکردنەوەی قەبارەی توخمەکانی وەک شێوە و هێڵ و ڕەنگ دوبارە دەبنەوە لە ناو جلەکە کە قەبارەکەی بەرەو لێواری جلەکە کەم دەبێتەوە. دەتوانێت زۆر کاریگەر بێت لە دروستکردنی ئارەزوی جلوبەرگێکدا کار بکاتە سەر شێوازی جەستەو هەندێک لە بەشەکانی جەستە گەورەتر یاخود بە پێچەوانەوە، یاری بەچاو دەکات و بەرەو ئەو ئاراستەیەی دەبات کە خۆی مەبەستیەتی بەپێی دوبارەبونەوەی ئەو فۆڕمەی کە لە دیزاینەکەدا هەیە (Reeha, (2018, 15-17).

### ت-یەکێتیUnity

کە دەوترێت دیزاینێک یەکێتیی هەیە ئەگەر هەمو توخم و بنەماکانی دیزاین پێکەوە کاربکەن بۆ بەرهەمهێنانی کاریگەرییەکی بۆ نمونە یەکێتی هێڵ گرنگە بۆ ئاسودەی چاوکاتێک دیزاینەر هێڵی کێشراو بەکاردەهێنرێت بۆ هێڵی مل و تابەکانی گیرفانەکان و لێواری چاکەتەکە و کاتێک هێڵەکان بە باشی یەکدەگرن دیزاینەکە تەواو دەردەکەوێت. دیسانەوە کاتێک ڕەنگ لە جلێکدا دوبارە دەبێتەوە دیزاینەکە یەکدەخات(Gobeto deme,2016, 56-60 ).

## ٣-چەند جۆرێک لە جۆرەکانی فاشیۆن

### ا-Classic style ستایلی کلاسیک

لە کاتێکدا زۆرێک لە جۆرەکانی ستایلەکانی مۆدە بریتین لە متمانەکردن بە "بنەڕەتییەکان" و باوەکان هیچ شتێک ناتوانێت ڕکابەری سەرنجڕاکێشیی بێ کات و بەسەرنەچونی ستایل و کاتەکانی شێوازی جلوبەرگی کلاسیکی بکات. لەبری ئەوەی پشت بە ڕەوتەکان ببەستێت. جوانکاری کلاسیک لەسەر بنەمای پارچەی ڕەسەن و پاڵاوتەکراوە وەک پانتۆڵێکی سادە لەگەڵ چاکەتێک و ئیکسسواراتەکانی کە بێلایەن و سەردەمی دیاریکراویان نیە وەکو پارچە ڕەفتەیەکی مل و جانتای گەورەو یان ڕاست و چەپ. ئەم ستایلە هەموکات بە کلاسیک ناو براوەو هەردەم لە هەموکاتەکانیشدا مۆرکێکی خۆی و دەناسرێتەوە بێ ئەوەی کە لە ستایلە باوەکان دەربکرێت.

### ب- شێوازی جلوبەرگی شەقامStreetwear style

جلوبەرگی شەقام ستایلێکی مۆدەی ڕۆژانەیە و بۆ یەکەمجار لە ساڵانی نەوەدەکاندا بەناوبانگ بو. جلوبەرگی ئارام و لە هەمان کاتدا مۆدێرن وەک تیشێرت و بلوسی کورت، تۆپی لۆگۆ و هودی و پانتۆڵی کاوبۆ و پێڵاوی وەرزشی گرانبەها لەخۆدەگرێت. جلوبەرگی شەقامەکان سروش لە هەردو شێوازی هیپ هۆپ و سکەیتەر وەردەگرێت، لەگەڵ توخمە زیادکراوەکەی کەمی بەرهەم بە مەبەست. شوێنکەوتوانی نوێترین ڕەوتەکانی جلوبەرگی سەر شەقامەکان بە بە جۆرە ژل و بەرگێکی دڵخۆشکەر دەناسرێت و زۆربەیان هەوڵی زۆر دەدەن بۆ دەستخستنی شێوازێکی شیک، بەڵام لە هەمان کاتتدا ستایلێکی پراکتیک و سادە، وەک جلوبەرگی قەبارە گەورەو، پێڵاوی وەرزشی و زۆر شتی تر.

### پ-شێوازی جلوبەرگی کارکردن یاخود ئۆفیس Business Casual style

ستایلی بزنسی ڕۆژانە یەکێکە لە جۆرە بەناوبانگەکانی ستایلی مۆدە، ستایلی بزنسی ڕۆژانە لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردودا زیاتر دەرکەوەتوە، بە تێکەڵەیەکی تەواو لە پۆشینی بازرگانی باو لەگەڵ پارچە ئارامەکان کە گونجاون بۆ ئۆفیس بەڵام زۆر فەرمی یان پۆلێشراو نین، بەڵام دەتوانین بڵێین تاڕادەیەک بینینێکی فەرمی دەبەخشێتە چاو. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەم جوانکارییە بە توندی بۆ جلوبەرگ تەنها لە کاتی کاردا بەکاربێت، هەندێک کەس وەک ستایلێکی تایبەتی ڕۆژانەی خۆی بەکاریدێنێت. ئەم ستایلە زیاتر چاکەت و تیشێرتی ئێخە پۆڵۆ و پانتۆڵی قوماش و پێڵاوی فلات.

### ت- شێوازی مینیمالیستیMinimalist style

لە نێوان ستایلە زۆرەکانی مۆدەدا، مینیمالیزم لە کایەی مۆدەی جلوبەرگی پاکدا باڵادەستە. بە پێچەوانەی ئەو باوەڕە باوەوە، مینیمالیزم تەنها ئاماژە بە بنەما تاکڕەنگەکان ناکات، بەڵکو ئاماژە بە بیرۆکەی گشتی دەکات کە شتە ناپێویستەکان ڕوتبکاتەوە بە دروستکردنی دولابێک کە زۆر کارایە و زۆر گشتگیرە بەڵام هێشتا لە ڕوی چەندایەتییەوە سنوردارە. شێوازێکی

زۆر سادە دەبەخشێتە چاو کە پرینت تێیدا بەکارنایەت و زیاتر یەکرەنگی دەبەخشێتە چاو لەڕوی دیزاین و لەڕوی ڕەنگیشەوە. کە دەکرێت بۆ شوێنی کار و وەک ستایلێکی ڕۆژانەش بەکاربێت.

## ج- شێوازی جلوبەرگی ڤینتەجVintage style

شێوازی مۆدەی ڤینتەج، یەکێکە لە ستیایلەکانی کە هاتۆتەوە بەر باو و بەشێوەیەکی سەرەکی مۆدیێلەکان بەکاریدەهێنن، یاخود ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت ستایلێکی جیاوازیان هەبێت و جییاواز دەربکەون هەمیشە، بە شێوەیەکی ئاسایی ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ ئەو شتانەی کە لە نێوان ٤٠ بۆ ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر دروست کراون، گەر لەمە کەمتر بێت بە ڤینتەج دانانرێت. کە دەوترێت ستایلی ڤینتەج مەبەستەکە لێی ئەوە نییە کە ئەو جلوبەرگە مەرجە لە ٤٠ ساڵ پێش ئێستاوە دروستکرابێت تەنها دەکرێت دیزاینی جلەکە بگەڕێتەوە بۆ دیزاینەکانی ئەو سەردەمانە کە ٤٠ ساڵ لەمەوبەر بێت یاخود زیاتر. کلیلی پۆشینی جلوبەرگی ڤینتاژ ئەوەیە کە پارچەکان هەڵبژێریت کە نوێنەری ئەو سەردەمە بن کە تێیدا بەرهەم هێنراون. لەکاتێکدا دەتوانرێت جلوبەرگی تەواو ڤینتەج بەکاربێت، بەڵام مەیکئەپ و ستایلی قژ بەوپەڕی توخمە مۆدێرنەکان بڕازێنرێنەوە بۆ ئەوەی سەرنجڕاکێشتر بێت.

## چ- شێوازی ئاڤانت گاردAvant-Grade

سەرانسەری هەمو بوارێکی داهێنەرانەدا، لە هونەرە جوانەکانەوە تا مۆسیقا، بەبێ گۆڕان بزوتنەوەیەکی ئاڤانگارد هەیە. مۆدەش جیاوازی نییە، هەرچەندە بەکارهێنانی زاراوەی ئاڤانگارد کەمێک چەواشەکارانەیە، بەواتای وشەیی ئاڤانگارد بە واتای "پێش پاسەوان" دێت. بەڵام لە چوارچێوەی هونەردا، ئەوە مانای ئەوە نییە کە لە پێش ڕەوتەکانەوە بیت. لە ڕاستیدا، بە ئاڤانگارد هەژمارکردن و بونی لە دەرەوەی سنور و دامەزراوەکانەوەیە، دیزاینەرانی ئاڤانگارد لە پێش ڕەوتەکانەوە نین- ئەوان بەرگرییان هەیە بەرامبەربە ڕەوتەکان، کە دەتوانین بە دژە باویش ناوی ببەین، لە کاتێکدا زۆربەی دیزاینەرانی ئاڤانگارد دروستکردنی جیاوازی بەرفراوان پێشکەش دەکەن، هەندێک هاوبەشی جوانکاری و ئایدیۆلۆژیی فراوان هەیە کە بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە. بەکارهێنانی هەر مادەیەکی ئامادەکراوی وەک بوتڵی ئاو یاخود تەنەکەی خۆڵ یان هەر بابەتێکی دی لە دیزاینی جلوبەرگدا دەیکاتە دیزاینێکی ئاڤانت گارد کە ناتوانرێت بەپێی ڕۆژانە یاخود بۆنەی تایبەت بپۆشرێت جگە لەو بۆنانەی کە ئەو ستایلە دەخوازێت.(Selbach, 2008, 20-46) .

## ح- شێوازی گرانجGrunge

سروش لە میوزیکی گرانج وەرگرتوە، و کولتوری کە لە ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکانەوە سەرچاوەی گرتوە، مۆدەی گرانج شتە دۆزراوەکانی فرۆشگاکان و پاشەکەوتکراوەکانی وەک کراسی گەورەو، گرێی قەبارە گەورە و جلی ژنانە کە بە شێوەیەکی وێرانکەر و شل و شلۆق ستایل کراوە، زۆرجار ڕوخساری گرانج بریتییە لە کاوبۆو یان سترێجێکی دڕاو، شێوازی قژی شێواو و و پێڵاوی ڕەش، هەمیشە ستایلی گرانج لە هەوڵی ئەوەدایە کە ستایلێکی شەڕانگێز و ڕەق پشانبدات. پرینتی گەورە و دیزاینی گەورە لەسەر ڕوتەختی جلەکان بابەتێکی باوی ئەم ستایلەیە هەروەها چۆکەر و تێکەڵ کردنی ئاسن لە ئێکسسواراتدا دەبێتە بەشێک لەو دەرخستنە. هەروەها لە ڕوی مەیکەپێشەوە دەکرێت هەمان ستایل بەرچاوبخرێت.

## خ- شێوازی ڕۆمانسیسمRomanticism

دیزاینەرای ڕۆمانسیسم هەمیسە قوماشی وەک کەتان و ئاوریشم بەکاردەهێنن، دیزانەکانیان دەخوازێت کە قوماشەکان لە سروشتەوە وەربگرن، شێوازی بڕین و دیزاین کردنیان زۆر جیاوازە، لەبری بڕینی ڕێک و ئەندازەی بڕینی شێواو شل و هاتنە خوارەوە و پەڕپەڕەی و قەبارە گەورە هەڵدەبژێرن. یەکێک لە دیزاینە بنەڕەتیەکانی کە دەبێت لە ستایلی ڕۆمانسیزمدا

هەبێت، چنین و دانتێل و وردەکاریەکانە، کە هەمیشە شێوەی ڕوەکی لە سروشتەوە هەڵدەبژێرن و دەبێتە سروش بۆ دیزاینەکانیان.

### د- شێوازی مۆدەی شیکChic

بەشێوەیەکی گشتگیر لەلایەن ئەو خانمانەوە دڵخوازە کە ڕەنگینیی زیرەک و وردبینییان پێ باشترە لەگەڵ تێکەڵکردنی ڕێژەیەکی گونجاوی ستایلی باو. بەگشتی ستایلە شیکەکە هەندێک جۆری توخمە پۆشراوەکان لەخۆدەگرێت وەکو جلی ڕەشی بچوکی کلاسیک، بلوزێکی زۆر خانمانە، یان پانتۆڵی بەرگدر و ڕەنگی بێلایەن و هێمن. تەنورە یاخود قات بە شێوەیەکی بەرچاو لەم ستایلەدا دەبینرێت، ئەوەی کە زۆر گرنگە لەم ستایلەدا ستایلکردنی هەمو جۆرە جلوبەرگەکاندا لەگەڵ پێڵاوی بن بەرزدا، چونکە بەبێ پێڵاوی بن بەرز هیچ کام لەم جلوبەرگانە شێوازی شیک نادات بە چاو، هەروەها چاپی ئاژەڵان و خاڵە پۆلکاکان نەخشی گرنگی "یەکپۆشی شیکن(Lam, 2013, p1-6) .

### ر- شێوازی بۆهێمیBohemian style

هەروەها بە "بۆهۆ" یان "بۆهۆ شیک" ناسراوە، شێوازی بۆهێمی لە کولتوری جوانکاری و فێستیڤاڵەکانی هیپی ساڵی ١٩٦٠ وەرگیراوە. ستایلەکە ڕەنگەکانی زەوی و قوماش و بۆیەی سروشتی و چاپ و ئیکسسواراتەکانی سەرانسەری جیهان لەخۆدەگرێت. تایبەتمەندیەکانی ستایلی بۆهۆ بریتین لە کراسی ماکسی شل و ڕژاو، تەن وری درێژ، پانتۆڵی ژێر زەنگ، کڵاوی گەورەی لێواردار، جانتای دەستی شل و شێواو، ئەم جۆرە ستایلە زۆر هونەریانە و زۆر ئازادە لە هەمو یاسایەکی جلوبەرگ و زۆر خاکی بەدەردەکەوێت، تەنها بە جلوبەرگی ئەو خانمانە ناسراوە کە زۆر باوەڕیان بە خۆیان هەیە لە جلوبەرگ و ستایل و خۆگۆڕیندا.

### ڕ-شێوازی مۆدێرنTrendy style

ئەم جۆرە ستایلە بە بیلبۆردی سەر جادەکان لێکدەچوێنرێت بەهۆی ئەوەی کە بەردەوام لە ئەبدەیتایە و بەردەوام ڕیکلامی تازەی پێوەدەکرێت، ستایلی مۆدیرنیش بەم جۆرەیە ئەوکەسانەی کە ئەم جۆرە ستایلە پەیرەو دەکات بەردەوام بەدوای کۆتا ئەبدەتی فاشیۆنەوەن کە لەلایەن براندە جیهانیەکان یاخود لە لایەن مۆدێلە جیهانیەکان و بلۆگەرە بەناوبانگەکانەوە پەخش دەکرێن، جلوبەرگی مۆدێرن لە دەوری نوێترین مۆدەکان دەسوڕێتەوە کە توانیویانە بە خێرایی سەرنجێکی زۆر دروست بکەن.

### ز- شێوازی پانکPunk style

هاوشانی ستایلی بۆ هێمی و بزنسی ڕۆژانە، ڕەنگە ستایلی پانک یەکێک بێت لە جۆرەکانی ستایلی مۆدە کە دەستبەجێ دەناسرێتەوە لە جیهاندا. مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی حەفتاکان. لە کاتێکدا پانکی قوتابخانەی کۆن هەموی لەسەر چەرم، کاوبۆو، سپایکی کانزا و زنجیر و پێڵاوی شێوازی سەربازی بو، لە ساڵی ٢٠٢٢دا زۆر توخمە نوێیەکان جێگیرکراون، لەوانە تەنوری نەخشدار، باندی سەر و قوماشی تۆڕی دڕاو. وەک هەمو شێوازێکی کولتوری تر، پانک کۆمەڵێک ژێر ڕەگەزی وەک "گەراج پانک"، "گلام پانک"، "سکەیت پانک" و زۆر شێوازی تر لەگەڵدایە.

### ژ- شێوازی تۆمبۆی Tomboy style

ئەم جۆرە ستایلە لە سەدەی ١٩ ەوە وردە وردە بەدەرکەوت، وەک لە ناوەکەوە دەردەکەوێت، شێوازی تۆمبۆی لە دەوری جلوبەرگی ئاسایی پیاوانە بە بڕینی کەمێک نەرمتر کە هەموی پەیوەستە بە هەستی ئاسودەی لە نێو جلوبەرگەکەدا.

دەتوانیت جوانکاری تۆمبۆی وەک دژە ناسک و تارادەیەک ستایلێکی پیاوانە بناسرێت کە دورە لە هەمو ئەو ستایلە خانمانانەی کە پێشتر باسمان کردن. یەکپۆشی کۆتایی تۆمبۆی پێکدێت لە چەرم یان چاکەتی گەورەی ئاسان بۆ کارکردن و قەبارە گەورە، کاوبۆی مام یان مام جینز، هودی قەبارە گەورە، پێڵاوی وەرزشی، و کۆمەڵێک ئیکسسوارات بۆ سەر وەکو باندانە، بین و کڵاوی بیسبۆڵ کە تەواو گونجاوە بۆ دانیشتن یان وەرزشکردن، هەروەها زۆر کات ئەو خانمانەی کە ستایلی تۆمبۆی بەکاردەهێنن لە جێگای جلوبەرگی پیاوانە جلوبەرگەکانیان دەکڕن.

### س- شێوازی گۆتیکیGothic style

تاریک و پڕ لە نهێنی، شێوازی مۆدەی گۆتیک بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی بە ڕۆکی گۆتیکەوە هەیە، کە لقێکی ژانری مۆسیقای پۆست پانکبون لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکاندا. لە ستایلە کلاسیک سروش بەخشەکانی ڤیکتۆریان کە بریتین لە دانتێل، ماکیاژێکی سپی لەگەڵ چاوی تاریک، کۆرست و بلوزێکی پەرپەرە، کە ئەمە زیاتر بە گۆتیکی کلاسیک ناسراوە بەڵام گۆتیکی ڕۆژانە یاخود کاژواڵ لەدەوری جینز و تیشێرت و پێڵاوی وەرزشی خۆی لە بەرامبەردا دەبینێتەوە، ستایلی گۆتیک بەوە ناسراوە کە ستایلێکی زۆر بەربڵاو نییە و کەم بەرچاو دەکەوێت.

### ش- شێوازی ڕۆکRock style

شێوازی ڕۆکەر تەنها دەتوانرا بە سێکسی و مینیمالیستی وەسف بکرێت بە پشاندانی لێوارێکی تاریک. ڕۆکەکان بە دورکەوتنەوە لە سیلوێتی فراوان و گەورە، کاوبۆی بەرفراوان، بە پێچەوانەوە دەرخستنی لاواز لەگەڵ پلاتفۆرم، پێڵاوی وەرزشی، یان پێڵاوی پاژنەی پان و قەبە. هەروەها، چاکەتی چەرمیی ڕازاوە کە چین چینە لەسەر تیشیرتی شێواو کە بە پێڵاوی سپایک تەواوکراوە، جلوبەرگی هەڵبژاردەن بۆ هەردو ئەنسەمبڵی ڕۆژ و شەو. هەروەها ماکیاژێکی چاوی پشیلە لەگەڵ لێوی سور یان بۆرگۆندی بەشێکن لە یەکپۆشی ستایلی ڕۆک، پرینتی گەورەی سکەڵ یاخود (ئێسقانی کەلەی سەر) یەکێکە لە سیمبولەکانی ستایلی ڕۆک کە لە زۆربەی دیزاینەکانیاندا بەکاردێت بە ماتریاڵی جیاواز و لەسەر ڕوتەختی جیاواز(Kwon, 2017, p29-31).

## توێژگەی دوەم

## ١-کورتەیەک لە مێژوی جلوبەرگ

یەکەمین کۆت و زنجیر کە مرۆڤ لە بونەوەرێکی ئازادەوە گوێزایەوە بۆ قۆناغی کۆیلەیەتی سروشت بو. بەرگە نەگرتنی مرۆڤ لە سەرما و گەرما، ملکەچبونی لێکەوتەوە بەرامبەر ئەو هێزەی لەبەردەمیدا دەستەوسان مایەوە و سروشت بو بە یەکەمین زەوتکەری ئازادی مرۆڤ و ناچاری کرد لە ئاست خواستەکانیدا چۆك دابدات، مرۆڤیش بەر بەر مانای بۆ ئەم زەوتکردنی ئازادی یە دۆزیەوە و ئینجا بە شێوازێك ئەم دیاردەیەی وێناکرد، بە تەواوی لە هەست و نەستیدا بو بە بەشێك لە ئەتەکێتی ژیان و ئێستا هیچ میللەت و نەتەوەیەك بەدیناکرێت شانازی بەم کلتورەوە نەکات و برێکی بەهی خۆی نەزانێت و هەوڵدەدات بۆ پاراستنی و پێشخستنی، بەڵام بەمانای زەوتکردنی سەربەستی جێگەی خۆی نانوێنێت بەڵکو بەواتای شارستانیەت دێت، لەناو ئێستا پۆشاك بەشێکی گرنگی و بنەڕەتیە لە ژیانی مرۆڤدا میللەتاندا و جگە لە خۆپاراستن و شاردنەوەی جەستە، چمکێکی گرنگتری بەخۆوە دیوە، ئەویش لایەنی جوانکاری و خۆ ڕازاندنەوەیە، ئەمیشیان لە لای مرۆڤی سەرەتایی گرنگی پێدراوە و بوە بە بەشێك لە ناسینەوەی کەسایەتییەکان دواتر ناسینەوەی کۆمەڵگەکان و ئینجا میللەتان و نەتەوەکانی دنیا (Das, 2022, 1-3). ئەگەر مرۆڤی سەرەتایی بۆ خۆپاراستن لە سەرما سودی لە موە درێژەکانی لەشی وەرگرتبێت، ئەوا بەپێی ئەو گۆڕانەی بەسەریدا هات وە و موەکانی لەشی کەم بونەتەوە و کاریگەریان نەماوە، ناچار

بوە بە دوای شتێکدا بگەڕێت تاببپارێزێت لە سەرماو گەرماو هەمو ڕوداوە سروشتییەکانیتر. هەرچەندە بیروڕایەک هەیە کە دەڵێت سەرەتای داپۆشینی لەش بۆ شاردنەوەی پەیوەندی سێکسی بوە پاشان داپۆشینی عەورەت. بێ دو دڵی یەکەمین پۆشاکی مرۆڤ بە واتا ڕاستەقینەکەی، پێستی گیانەوەران بوە. کە مرۆڤ بەپێی سەلیقەی ئەو سەردەمەی خۆی توانیویەتی ئەو پێستانە بە جۆرێك خۆشە بکات، تالە پێستی ئاساییەوە بگۆڕێت بۆ جۆرێك لە پۆشاك. مرۆڤی نیاندارتاڵ کە هاتە سەر وشکانی جۆرە کەرەستەیەکی لە دوا بەجێماوە ڕێك بۆ پاکردنەوە و هەساودانی چەرم بەکاریهێناوە، لەهەمان کاتیشدا ئێسقانی وەکو کەرەسەیەکی سەرەکی بۆ کاروبارەکانی ڕۆژانەی ئامادەکردوە. دوای نیشتەجێبونی مرۆڤ لە چاخی بەردینی نوێ دا و ئینجا دۆزینەوەی ئاگر و جۆرێك گیا کەتان و خوری و مو ئاژەڵ، توانی گۆڕانکاریی لە جلوبەرگیدا بکات و لە هەمان کاتدا پێستەی ڕستن و چنین بە شێوەیەکی سەرەتایی هاتەکایەوە و دواتر بە پێشکەوتنی ئەم پیشەسازییە دەز وش وەك و ڕوداوێکی گرنگ کۆتایی بە چاخی بەردینی نوێ هێنا. بەکارهێنانی پۆشاك جگە لەو هۆکارانەی پێشتر باسمانکرد، بو بە بەشێك لە خۆڕازاندنەوەی مرۆڤ ئەمەش دوای ئەوەی شۆڕشێکی ئابوری – کشتوکاڵی سەری هەڵدا و کشتوکاڵ زاڵ بو بەسەر ڕاوشکاردا. سەردەمی دۆزینەوەی کشتوکاڵ هۆکارێکی گرنگ بو بۆ نیشتەجێبون ئیتر کاری ژنان بە تایبەتی ڕستن و چنین گرنگی زیاتری پێدرا. نیشتەجێبون خواستەکانی

مرۆڤی زیادکردو جلوبەرگیش لە قۆناغە سەرەتاییەکەیەوە کە بریتیبو لە ئالاندنی پێستی ئاژەڵ لە خۆیانەوە یان لە ئاستی سەری ئاژەڵەکەدا پێشتەکەی کردوە بە سەریدا و بەشێکی گیانی پێداپۆشیوە چوە قۆناغێکی پێشکەوت و تر و لە هەمان کاتدا شەڕو شۆڕ لە پێناو پاراستنی زەوی یەکەیدا هاتەکایەوە و ئەمەش هۆکارێکی تر بو پێویستی پێشکەوتنی جلوبەرگ. ئەو چەکانەی بۆ ڕاوکردن بەکاردەهێنا گۆڕانی بەسەرداهات و بۆ هەڵگرتنیشیان پێویستی بە پارچەی چەرم بو، ئیتر درومان هاتە کایەوە و جلوبەرگیش بەپێی لەشی خۆیان هەڵنەدوراو لە هەمان کاتدا چەکەکانیان پیادادەکرد.

دوا بەدوای کشتوکاڵکردن بەخێوکردن وماڵیکردنی ئاژەڵ بوە پێداویستییەکی تری ژیان، مرۆڤ توانی لە ئالفی ئاژەڵەکان جۆرە قوماشێك دروست بکات و ئینجا سودی لە خوری و موی ئاژەڵەکانی وەرگرت بۆ دروست کردنی جلوبەرگ و ڕایەخ و ڕەشماڵیش، تاکو ئێستا ئەم شێوازە سادەیەی دروستکردنی قوماش و ڕەشماڵ و ڕایەخ لە کوردستاندا بە کەمێك گۆڕانەوە ماوە، بۆ یەکەمین جار شەش هەزار ساڵ پ.ز قوماش لە شوش چنراوە، لە کاتێکدا شوش ناوەندی شارستانیەتی ئیلمییەکان بوە. ئیلمیەکان هێندە پیشکەوت و بون نەخش و نیگای تایبەتیان هەبوە بۆ پۆشاکەکانیان. (غەریب، ٢٠٠٧، ٤-٧).

## ٢-جلوبەرگی کوردی

جلوبەرگ یەکێک لە بەرچاوترین سەمبولەکانی کولتور، گرینگترین و تایبەتمەندترین ڕەواڵەتی نەتەوەیی و یەکێکە لە خێراترین نیشانەکانی ڕاگواستنی کلتور و بەخێرایی کاریگەری لەسەر دیاردەکانی کولتور خۆازی لە نێوان کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ دادەنێت. لە ئێران هەر نەتەوەیەک جلوبەرگی جیاواز و تایبەت بە خۆی هەیە بەڵام جلوبەرگی کوردی یەکێک لە جوانترین و ڕەنگاوڕەنگترین جلوبەرگەکانە و لە چەندین فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی پێگەی یەکەمی بۆ خۆی مسۆگەر کردوە. مێژوی جلوبەرگی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ مێژوی نەتەوەی کوردو کەمتر گۆڕانکاری بەسەرداهاتوە و ڕەسەنایەتی و پاک و بێگەردی خۆی پاراستوە. کۆنترین وێنەی جلوبەرگی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتی هەخامنشییەکان. (تەرەمای، ٢٠٢١، ٦٧-٦٨). کڵاوی مادەکان ئێستاش لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان کەڵکی لێوەردەگیرێت. جلوبەرگی کوردی بەپێی ئەو ناوچە سروشتییەی کە کوردی تێدا ژیان دەکات، دروستکراوە. ڕەنگی شادو جۆراوجۆری جلوبەرگی کوردی کە وەرگیراوەی سروشتی جوانی کوردە و یەکێک لەسەرنجراکێشترین کولتوری ناوچەکانی

کوردستانە. جلوبەرگی کوردی لە ناوچەکانی کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە جلوبەرگی کوردستانی باکور جیاوازە لە باشور یاخود ڕۆژهەڵات لە ڕۆژئاوا، هەریەکەو تایبەتمەندیەکیخۆی هەیە. (شیا، ١٩٩٦، ١٣٥).

## گۆڕانکارییەکانی کە بەسەر جلوبەرگی کوردیدا هاتوە لەڕوی بەکارهێنان و فۆڕمو مەتڕیاڵەوە لە سەدەی ٢٠ بۆ ٢١:

١,٤,٣ جلوبەرگی کوردی لە ڕوی مەتڕیاڵەوە گۆڕانکاری زۆر گەورەی بەخۆیەوە بینیوە لە کۆندا ئەو قوماشانەی بۆ جلوبەرگی کوردی بەکاردەهات دیاریکراو بو هەمو ئەو قوماشانەی کە دەهاتە کوردستان بەری قوماشەکە لە ١١٠ سم تێپەڕی نەدەکرد بۆیە پێیان دەگوترا کە بەری قوماشەکە تەسکە، ئەمەش هۆکاری ئەوە بو کە خەیاتە کۆنەکان ناچار بن تیرۆژ و بۆ کراسەکان دروست بکەن ئەمەش ببو بە جۆرێک لە مۆدێلی کراسەکانی ئەوکاتە، کە هەم بۆ جوانکاری و هەم بۆ پانکردنی بەری قوماشەکە تیرۆژ و بەکاردەهات. هەروەها کەوای حەوت پارچە کە لە ئێستادا بەکارنایەت بە هەمان هۆکار کە ئەویش کەمی قوماشەکان بو بۆیە ناچاربون کە بیکەنە حەوت پارچە بۆ جوانکاری و بۆ ئەوەی قوماشەکاش بەشیان بکات. بەڵام لە دواتردا بەهۆی بەرەو پێشچونی پیشەسازی نەوت قوماشەکانی کە دەهاتە کوردستانەوە گۆڕانکاریەکی زۆری بەسەرداهات قوماشەکان گەورەتر و پانتر بون بەرەکەی لە ١٥٠ سم کەمتر نەبو و زۆربەی قوماشەکانی کە بۆ جلی کوردی بەکاردێت لە ئێستاشدا لە نایلۆن دروست دەکرێت، بەڵام قوماشەکانی لە کۆندا بەردەست بون ڕەنگی زۆری نەبو و لە ئاوریشم و لۆکە دروستدەکران، بەڵام بەهۆی بەرەوپێشچونی پیشەسازیەوە چەندین ڕەنگ و مۆدێلی جیاوازی قوماشەکان هاتنە نێو بازەڕەکانی کوردستانەوە کە ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بو بۆ نەمانی تیرۆژ و لە جلی کوردیدا کە وای کرد کراسە کوردیەکان سادەتر و کەمتر ئاڵۆز دەربکەون لەڕوی دورمانەوە.

-کەوا و سەڵتەی جارانی ژنان و پیاوان هەردو لۆکەیان تێکراوە بەهۆکاری سەرماو کەشوهەوای زستان بۆ ئەوەی پارچەی زۆر لەبەرنەکەن و بتوانن گەرمیشیان ببێتەوە، بەڵام بەهۆی بەرەوپێشچونی جلی مۆدە و هاتنی قوماشی ئەستور و زستانەو هەروەها هاتنی چاکەت و پارچەی گەرمی جلوبەرگی مۆدە کاریگەری هەبو لەسەر نەمانی ئەم جۆرە جلوبەرگە.

-لە جلوبەرگی جاراندا بەتایبەتی لە ستارخانی پیاوان کە ئێخەیەکی شێوە چاکەتی هەیە و قۆپچەی زۆر پێوەیە، جاران ئەم جۆرە جلوبەرگە فەقیانەی هەبو قەمیسەکای کە لەبەر دەکرا فەقیانەکەی پیوە نوسابو گەورەش بوە، بەڵام بەهۆی ناکاری و شێواوی ئەم پارچەیە لەکاتی کارکردندا وردەوردە لێکرایەوەو ئێستا بەبێ فەقیانە دەپۆشرێت.

-جلوبەرگی جاران لە ڕوی تەکنیک و دورمانەوە زۆرینەی لە ماڵەوە بەدەست دوریویانە و نەخش و چنینی وردیان بۆ کردوەو کەم بردویانەتە لای خەیات. وردەوردە ئەمە گۆڕانی بەسەردا هاتوەو خەڵکی فێری ئەوە بون کە جلوبەرگەکانیان لای خەیات بدورن، هەرچەندە خەیاتەکانیش ئەوکات مەکینەکانیان زۆر پێشکەوت و نەبوە، جۆرە مەکینەیەکیان بەکارهێناوە کە پێانوتوە خەرەک بە دەست سوڕێنراوتەوە و لە ژێرەوە بۆکسێکی هەبوە ناوی مەکینەی (Singer) بوە. لەگەڵ هەبونی ئەم جۆرە مەکینەیەشدا هێشتا مەکینەی ئۆڤەرکردن لای خەیاتەکان دەستنەکەوتوە، لەدوای ئەوەی کە جلەکانیان دوریوە بەدەست ئۆڤەریان کردوە کە پێانوتوە سەردورو بۆ ئەوەی هەڵنەوەشێت قوماشەکە.

- لە جلوبەرگی پیاواندا شەڕواڵی پیاوان زۆر جیاواز بوە ئەوکات بەشی سەرەوەی شەڕواڵەکان لای بەنەخوێنەکەیەوە بە قوماشێکی جیاوازی ڕەنگاوڕەنگ چنراوەو بەنە خوێنەکە شۆڕکراوەتەوە بە مەبەستی جوانکاری، بە هەمان قوماش و چنین بەشی سەرەوە ناوەوەی گیرفانەکانی شەڕواڵەکەش ئەم جوانکاریەی بۆ کراوە، شەڕواڵی پیاوان ناافەکی زۆر شۆڕتر بوە لە ئێستاو لای قاچەکانی زۆر باریکتر بوە، بەڵام ئێستا بە گشتی شەرواڵ فشەو نافەکی کورترە لە جاران، بەنەخوێنەکەی

دیارنییە و دادەپۆشرێت بە قوماشی جیاوازیش ناکرێت زۆر سادە کراوەتەوە. لە ساڵانی ١٩٣٠ەکان بەدواوە ئەمە زۆر باوبوە، دەڵێن کە لەو سەردەمەدا کە کچێک هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕێکدا کردوە بەتەنها ماڵی زاوا دیارییان بۆ بوک نەبردوە، بەڵکو بوکەکەش چەند دیارییەکی بۆ ناردون یەکێک لەو دیاریانە ئەو جۆرە بەنەخوێنە بوە کە بەدەستی خۆی بە دەزوی ڕەنگاوڕەنگ چنیویەتی.

-لەکۆندا جگە لە جلوبەرگی کوردی هیچ جۆرە جلێکی دی نەبو هەمو جلوبەرگی کوردیان دەپۆشی خەڵکی شار و لادێ، چیتر جلوبەرگی کوردی وەک جلوبەرگێکی ڕۆژانەو جلوبەرگی کارکردن ناپۆشرێت، گەرچی ئێستاش لە هەندێک شوێن لە لادێکاندا دەبینرێت، یاخود وەک جلوبەرگی کرێکاران و جلی کارامەی کارکردن و زۆر کاتیش لەبەری بەتەمەنەکاندا دەبینرێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی وەک جلوبەرگی ڕۆژانە ناپۆشرێت بەتایبەتی بەو شێوازەی کە لە کۆندا بەکاردەهات. ئێستا بەکارهێنانی جلوبەرگی کوردی لە جلوبەرگی ڕۆژانەوە بۆتە جلوبەرگی بۆنەکان، لەسەری ساڵی کوردیدا دەپۆشرێت یاخود لە ئاهەنگەکانی هاوسەرگیری و ئاهەنگی دەرچون لە زانکۆکان، چۆنێتی بەکارهێنانەکەشی بە هۆی زۆری دیزاین و گۆڕانکاری بەسەر دیزایندا هەر کەسە و بەپێی خواستی خۆی پارچەکان بەکاردەهێنێت و ڕێکیدەخات.

-جلوبەرگی کوردی بەپێی پلەو پایەی کەسەکان، لە سەدەی ٢٠دا جلوبەرگە کوردییەکان دەیتوانی پێگەی کەسەکان لەناو کۆمەڵگە دیاری بکات بۆ نمونە، کەسانی پایە بارز یاخود ئەوەی لە کۆن پێیدەوترا پیاومەعقوڵ هەمیشە کەوا و چاکەتیان دەپۆشی، هەندێک جار لەگەڵ کەوا و چاکەتەکەشدا عەبایەکی تەنکی زبری چنراویشیان دەدا بەسەر شانیاندا کە ئەمەش وایەکرد بناسرێنەوە بەوەی کەسێکی بەرزی ناو کۆمەڵگەن لە کاتێکدا کە بەشی مامناوەندی کۆمەڵگە کەواو سەڵتەیان دەپۆشی. لە ژنانیشدا بەهەمان شێوە ئەم جیاوازیە هەبوە بەتایبەتی لە کڵاودا ئەو کەسەی کە پایەدار بوە کڵاوەکەی زۆر گەورە بوەو زۆرترین خشڵ و زێڕی پێوە بوە، حەپسەخانی نەقیب یەکێک بوە لەو کەسانە، لەکاتێکدا کەسێکی ئاسایی کڵاو فێستێکی ئاسای سادەیان لەسەرکردوە. لای یەزیدییەکان کاتێک خشڵ و زێڕیان بۆ کراوە بۆ کاتی هاوسەرگیری ژنەکان ئەم خشڵ و زێڕانەیان کردوە بە کڵاوەکانیانەوە هەتا لا ژیاندا ماون هەمیشە لەسەر سەریان بوە وەک ڕێزێک بۆ بنەماڵەی هاوسەرەکانیان کە ئەمەیان پێشکەش کردون.

-پێش ئەوەی جامانە بێت مشکی هەبوە خەڵکی مشکیان زۆر بەکارهێناوە یەکێک بوە لەو قوماشانەی کە بەوە بەناوبانگ بوە بۆنێکی زۆر خۆشی لێهاتوە، دواتر کە جامانە هاتوە لەگەڵ مشکی تێکەڵ کراوەو بەستراوە بەو شێوەیە، قەبارەی جیاوازی هەبو ئەوەی لە هەموی گەورەتر و لای خەڵکی باو تر بو پێی دەوترا حەوت زەرع. دواتر وردەوردە جامانە دێتە شوێنی مشکی، جامانەش بەو شێوەیەی ئێستا نا جامانە لە ساڵی ١٩٦٠ بە دواوە بەکاریان دەهێنا، لەبەر ئەوەی کوالیتی قومشەکە زۆر باش نەبوبە ئاراق کردنەوە بە بەکارهێنانی زۆر ڕەنگەکەی دەگۆڕا، جامانەی لەندەنیان پێدەگوت، بۆ چاکردنەوەی ڕەنگەکەی چویتیان لێدەدا کە لە کاغەزا بو لە حازری هەبو دەیانکردە ناو تەشتێک ئاوەوەو جامانەکایان تێدەکرد ک ڕەنگەکەی سپۆی بو جامانەکە بەهۆی چویتەکەوە مۆر باو دەبو.

- لە ساڵانی ١٩٣٠یەکان بەدواوە قوماشی ڕەشی چۆغەیان هێنا کە قومشێکی پڕی زبری ڕەش بو ئەوکات کاری دەستی و چنین زۆر نرخی هەبو، بە سیمی ئاڵتونی و زیوی چنینیان لەسەر دەکرد لەسەر قۆڵەکان و لەسەر سینگەکەی و لە پستەکەیدا نەخشی وردی لەسەر دەکرا، کە تازە لە ئێستادا چەند ساڵێکە لە ٢٠١٢چنینی جلی کوردی بۆتەوە بە مۆدەو خەڵکی ڕویان تێکردە کە جلەکانیان دەبەنە لای خەڵکانی شارەزا بۆیان بچنێت. لە پیاوانیشدا وەختی خۆی سەڵتە دەچنرا وەک سەڵتەی ژنان، قەراغەکەی دادەدورا بە کۆکلەیەک کە پێی دەگوترا خەرجی، بە نەخش و ڕەنگی جیاواز هەبو لە ناو بازاڕدا بە حازری، بە چواردەوری سەڵتەکەدا دەدورا و بەسەر دەستەکانیەوە هەتا دەکرا بە گیرفانی ناوەوەش کە پێی دەگوترا

گیرفانی سەعات، ئەم گیرفانی سەعاتە بە نەخشێکی زۆر وردی جوان دەڕازاندرایەوە بە دەزوی ئاڵتونی. لەو سەردەمەشدا سەڵتەی حازر و دوراو لەناو بازاڕەکاندا بە جوملە فرۆشراوە بەڵام زۆر باو نەبوە زیاتر خەڵکانی دەرەوەی سار کڕیویانە بۆ کاردکردن پێوەی، بەڵام ئەوەی نرخی بەرزو ئارازومەندانە بوە ئەو جۆرە بوە کە یاویانە بە کردن لەلای خەیات.

-کراسی جاران لە سەدەی ٢٠دا بەتایبەتی سەرەتاکانی سەدەی ٢٠ خەڵکی بە گشتی جلی کوردیان لەبەردەکرد جلی مۆدە ئەوەندە باو نەبو، بۆیە ئەگەر سەرنج بدەینە کراسی ژنان لەو سەردەمانەدا دەبینین کراسەکانیان کورت بوە بە شێوەی کراسی ئێستا درێژ نەبوە، زۆر کات ئاوەڵ کراسەکەی لە ژێرەوە دەرکەوتوە، ئەمەش هۆکاری سەرەکی ئەوەبوە کە لە کاتی کار کردندا لە عەرز نەخشێت بۆیە درێژیەکەیان زۆر نەکردوە بۆ ئەوەی پیس نەبێت لە کاتێکدا زۆرینەی کۆڵان و حەوشەی ماڵان گڵ بوە. هۆکارێکی تریش هەیە ئەویش ئەوەیە کە خەڵکی ئەو سەردەمە زۆرینەی ئاستیان مامناوەند بوەو قوماش زۆر گران بوە بەهۆی گرانبەهای قوماشەکە کەمترین قوماشیان کڕیوەو کردویانە بە کراس. لەو سەردەمەدا وەک ئێستا پێڵاوی بن بەرز نەبو یاخود شتێکی زۆر باو نەبو، بەڵام لە ئێستادا کراسەکان زۆر درێژ دەدورێن و پێڵاوی بن بەرزیان لەگەڵدا لەپێ دەکرێت. لەو سەردەمەدا بەهۆی کورتی کراسەکانەوە ئاوەڵی خوارەوەیان بە نەخش دەڕازاندەوە چونکە لە کراسەکانەوە دەردەکەوت بەشی خوارەوەی، بەتایبەتی پێیاندەگوت پزو بە دەزوی جیاواز دەیانچنی. هەندێک جار ئاوەڵەکانیان لە شێوەی یاخود لە هەمان قوماشی هێلەکەکانیان دەدوری وەک دیزاینێکی باوی ئەو سەردەمە. یاخود لە هاوینان دا لە خام دەیاندوری بۆ ئەوەی فێنک بێت و بۆ کارکردن گونجاو بێت(.سوارە، ٢٠١٩، ٤٩٥-٧٧٩) (میرخان، ٢٠٢٣، پەیوەندی تایبەت٢٠٢٣\٨\١٩) (حمەصالح، ٢٠٢٣، چاوپێکەوتنی تایبەت ٢٠٢٣/٨/٢١) (غەریب، ٢٠٢٣، چاوپەکەوتنی تایبەت ٢٠٢٣/٦/٢٧ .

## بەشی سێیەم

## میتۆدو جێبەجێکردنی شیکاری توێژینەوەکە

### کۆمەڵگەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی توێژینەوە پێکهاتوە لە چەند کارێکی هونەریی هونەرمەندانی هەرێمی کوردستان کە لە بواری جلوبەرگی کوردی ڕەسەندا کاریان کردوە، ئەم کارە هونەرییانە مێژویەکی نزیکیان هەیە و لەم چەند ساڵەی دواییدا بەرهەم هێناون، کارەکان بینراون و هونەرمەندەکان ناسراون و خۆشحاڵانە هەندێکیان لە ژیاندان و لە کارکردن بەردەوامن، لەم توێژینەوەیەدا چەند هونەرمەندێک بە مەبەست بۆ دەوڵەمەنەکردنی بابەتەکە و پێویستیی توێژینەوەکە وەرگیراوە، کە ئەوانیش پێکهاتون لە چوارده هونەرمەند بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی کارە هونەرییەکانیان بەپێی سنوری توێژینەوەکە کە دەکەونە نێوان ساڵەکانی (٢٠١٢ بۆ ٢٠٢٢) لە سنوری جوگرافیی هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

### نمونەی توێژینەوە:

نمونەی توێژینەوەکە بەپێی بەرهەمهێنان و بونیان لەو کاتەدا وەرگیراون، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو پێوەر و ئاماژانە لەبەرچاو گیراون کە چوارچێوەی تیۆرییەکە پێیگەیشتوە، تا گونجاو بێت لەگەڵ تایبەتمەندێتیی کۆمەڵگە سەرەکییەکەی کە (هەرێمی کوردستان)ە.

### ئامرازی توێژینەوەکە:

پشتبەست بەو پێوەر و ئاماژە هونەرییانەی کە لە کۆتاییی کۆی چوارچێوە تیۆرەکەدا پێیگەیشتوە بەو هۆکارەی ئامرێزک بن بۆ ئەم توێژینەوە کە پشت بە میتۆدی وەسفیی شیکاری دەبەستێت، بەم ڕێژەیی لای خوارەوە کارەکان ئەنجام دراون:

١- تێبینیکارەکان. ٢ - ڕاپرسی. ٣- چاوپێداخشاندن. ٤- شوێن و تۆمار. ٥- تەکنیکی خستنەڕو . ٦-ژێدەر و واتا. ٧- کۆنتێکستی کار و چەمک.

## هۆکارەکانی هەڵبژاردن:

ئاماژە بە سنوری کات بە هۆی گەشەکردنی دیجیتاڵی مرۆیی لە هەرێمی کوردستان لە کۆتاییەکانی ئاماژە بە سنوری کات بە هۆی گەشەکردنی دیزاینی جلوبەرگی کوردی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەریدا هاتوە بە بەراوردکردنی بە سەدەی بیستەم، دەرخستنی ئەم جیاکاریە لە کارە هونەرییەکانی هونەرمەندان لە بواری دیزاینی جلوبەرگی کوردی لە هونەری شێوەکاریدا.

## میتۆدی توێژینەوە:

بۆ ئەم توێژینەوەیە (میتۆدی وەسفیی شیکاری) بەکارهێنراوە، بە هۆکاری ئەوەی خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە و دەگونجێت لەگەڵ سروشتی بابەتی توێژینەوەکە و ئامانجەکانیدا.

## شیکردنەوەی نمونەکان

### نمونەی یەکەم

| | |
|---|---|
| **ناوی کارە هونەریەکە : دعاء**<br>**ناوی هونەردمەند: نەبەز بابان**<br>**کاتی بەرهەم هێنانی کارەکە : ٢٠٠٧**<br>**مەتریاڵ: ئەکریلیک لەسەر کانڤاس**<br>**شوێن و ناونیشانی کارەکە : کۆلێکشنی هونەرمەند خۆی**<br>**تەکنیک و میدیای بەکارهاتو: ڕیالیزمی ئەفسوناوی** |  |

ئەم کارە هونەریەی هونەرمەند نەبەز بابان لە پانتاییەکی شێوە لاکێشەی پێکهاتوە، لەناو سپەیسی کارەکەدا فیگەرێکی مێینە بەدی دەکرێت بە جلوبەرگێکی کوردی سادەی نیمچە پەشۆکاوەوە، کە کراسێکی ئاودامانی پۆشیوە لە ڕەنگی سور کە روناکیەکی زەردی لەسەرە وای کردوە بە ڕەنگی نیمچە پرتەقاڵی بەدەربکەوێت، لەگەڵ ئێلەگێکی پیرۆزەی سادە. لە باگگراوندی فیگەرەکەدا بازنەیەکی روناکی زەردی شێوە خۆر بەدی دەکرێت، کە قژی پەشۆکاوی فیگەرەکەی چۆتەوە سەر، قژەکە بە جۆرێک لەگەڵ ئەو ڕەنگە ڕەش و قاوەیانەی نێو باگگراوندەکە تێکەڵ بۆتەوە و شێوەی قەلە ڕەشێکیان دروست کردوە کە لە پشت فیگەرەکەوە باڵی جولاندوە و تێکەڵ بە ڕەنگەکان بۆتەوەو

کەشێکی تاریکی لەنێو تابلۆکەدا دروستکردوە. لە لای ڕاستی تابلۆکە لە بەشی خوارەوە ئینجانەیەک هەیە وەک دیارە کە ڕوەکێکی بە ڕەنگی ڕەش لێ هاتۆتە دەرەوە کە لەگەڵ شێوەی قەلەڕەشەکەدا گوزارشتە بۆ چیرۆکی فیگەری نێو تابلۆکە کە هونەرمەد بەمەبەست ئەم پانتای ڕەنگە ڕەشەی لە باکگراوند لە چەند شوێنێکی دیاریکراو بەجێهێشتوە و بە ئاسانی دەتوانین درک بەو ڕەنگە سورەش بکەین کەلە پشتەوەی ڕەنگە ڕەشەکەی بەشی سەرەوەی تابلۆکە دانراوە. هونەرمەند لەم کارەدا دارشتنێکی شێوە هەرەمی هەبێت یان سێگۆشە، و چەقی قورسای تابلۆکە دەکەوێتە ناوەندی تابلۆکە کە فیگەری کچەکەیە و بە تەنیا خۆی ڕۆڵی زاڵبون لە تابلۆکە دەگێرێت،بە هۆکاری ئەوەی کە خۆی تاکە فیگەرە و کەوتۆتە ناوەندی تابلۆکەوە و هەمو ڕەنگەکانی باکگراوندەکە لە خزمەتی فیگەرەکەدایە کە یاری بە چاوی بینەر دەکات و وا دەکات بینەر جارێکی تر لە ڕێگەی جوڵەی فلچەکان و هێڵەکانەوە چاویان بچێتەوە سەر فیگەرەکە. لەم تابلۆیەدا سێ توخمی سەرەکی بەدی دەکرێت کە ئەویش (قوماش، پەڕ، گەڵا) بەهۆی وەشاندنی فلچەی هونەرمەندەوە بە ئاسانی تێکستچەرەکان و توخمەکان لەیەک جودا دەکرێتەوە و ماتریاڵەکان وەک خۆی بگەیەنێت.

دانانی بازنەی ڕۆشنایی بە ڕەنگی زەردی درەوشاوە لە جۆری (ئۆرا) هاوشێوەی هالەی چواردەوری کەسە پیرۆزەکانی نێو ئاینی مەسیحی چەندواتاییەک لەخۆدەگرێت، هەڵبەتە هۆکاری یەکەم پەیوەستە بە تەکنیک و شێوازی پێکهێنانی تابلۆکە بە مەبەستی هەژمونکردنی شیوەی فیگەری کچەکە بە سەر بەشەکانی دیکە، لە کاتێکدا هۆکاری دوەم پەیوەست دەبێت بە واتا و ناوەڕۆکی کارەکە، وەک پیرۆزکردنی کەسایەتی وبەرزکردنەوەی بەهای دوعا لەسەر ئاستی بابەتی کارەکە.

لەڕوی ڕوناکی و تاریکی یاخود شێوە وفەزای کارەکە، هونەرمەند زۆر بە کارامەی کاری لە ڕوناکی و تاریکی تابلۆکەدا کردوە، بە جۆرێکی زۆر هارمۆنی ڕەنگەکان تێکەڵ بەیەک بونەتەوە، ئەو ڕوناکیە بەهێزەی کە لە پشتی فیگەرەکەوە بەدەرکەوتوە بە شێوەیەکی بازنەی دەکرێت هێمایەک بێت بۆ پاکیو بێگەردی کەسایەتیەکە گەر پەیوەستی بکەینەوە بە چیرۆکی نێو تابلۆکەوە، لەهەمان کاتیشدا ئەو ڕوناکیە وادەکات کە چاوی بینەر بەرەو دەموچاوی فیگەرەکە بەرێت و تەنکی و جوانی ڕوی فیگەرەکەمان پشان بدات. بەهەمان شێوەی ڕوناکیەکان هونەرمەند هێندە نرخی بە تارکیەکان داوە کە هەمو ئەو ناخۆشی و کەسایەتیە خراپانەمان دێتەوە یاد کە لە چیرۆکی کەسایەتی نێو تابلۆکەدا هەیە و بونەتە هۆکاری ئەم چیرۆکە. لەم کارەدا ناتوانین زەمەن دیاری بکەین بەهۆی ئەوەی هونەرمەند بە هزری خۆی کەشێکی تایبەتی بە تابلۆکە بەخشیوە لە ڕێگەی ڕەنگ و شێوەکانەوە چیرۆکێک دەگێرێتەوە.

لەڕوی ڕەنگەوە ئەم تابلۆیە بە گشتی دابەش دەبێت بەسەر کۆمەڵێک ڕەنگی گەرم کە بە گشتی خۆیان لە زەرد، سور، پرتەقاڵی، قاوەی، ئۆکەر،.. دا دەبینێتەوە، لە هەندێک شوێنی زۆر کەمدا کۆمەڵێک ڕەنگی ساردی وەک شین و مۆر و ڕەساسی کاڵ دەبینرێت.

ناونیشان و تایتڵی کارەکە (دوعا) بە شێوازیکی ڕاستەوخۆ ئاراستەی شوێنیکمان دەکات، وێناکردنی ئەو کچە ئێزیدییە کوردە کە لە (شنگال) دەکوژرێت دەکرێت بە بیانوی پاراستنی شەرەف، لەم بارەیەوە پرسی توندوتیژی خێزانی و کەیسەکانی کوشتنی دژ بە ژنانی کورد لە کۆنتێکستی وێناکردنی جلوبەرگی کوردی ڕەنگدەداتەوە.

نیشانەکانی توندوتیژی لەسەر ڕوکەشی جلی کچەکە بەڕونی دەبینرێت وەک شوێنەواری فیشک لەسەر جەستەی فیگەرەکە، لێرەدا تەنها جەستە قوربانی نییە، بەڵکو بەشێک لە توندو تیژی ڕوبەڕوی جلوبەرگی دوعا دەبێتەوە.

ئەم کارە لە شێوازەکانی هونەری ڕیالیزمی ئەفسوناوی پۆلێندەکرێت، بەڵام کارەکە لە سنوری چیرۆکێکی ناوخۆیی دەردەکەوێت، وادیارە هونەرمەند بۆ مەبەستێکی دیاریکراو ئەم بابەتە دەخاتەڕو بە جلوبەرگی کوردی نەریتی وەک

ئاماژە بۆ ڕوداوێکی ڕاستەقینەی ناو کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەم دیاردەیە لە لایەن (نەبەز بابان) چێگەی لێکۆڵینەوەیە و پێویستی بە تۆمارێکی بینەییە، هەڵبەتە جلوبەرگی کوردی ژنان لە دیزاینێکی ئاسایی و باو هۆکارێکە بۆ دەرخستنی ڕەهەندە تراژیدییەکانی بابەتەکە، هەروەها گشتاندنە بۆ بەرفراوانی وبڵاوبونەوەی ئەم کارەساتە لە ژیانی کچان و ژنانی کورد لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا .

**نمونەی دوەم**

| | |
|---|---|
| **ناوی کارە هونەریەکە: بەردەرگا**<br>**ناوی هونەرمەند: خیری ئادەم**<br>**ساڵی بەرهەم هێنان: ٢٠٢١**<br>**کەرەستەکان: ڕەنگی ڕۆنی لەسەر کانڤاس**<br>**خاوەندارێتی: سەرۆکایەتی هەرێم**<br>**تەکنیک و میدیای بەکارهات و: شێوازی ریاڵیزم** |  |

ئەم تابلۆ شێوە لاکێشەییە پێکهاتوە لە دیمەنێک کە خۆی دەبینێتەوە لە فیگەرێکی مێینە لە کاتی جوڵەدا بە جلی کوردیەوە کە دەکەوێتە چەقی لای ڕاستی تابلۆکە،فیگەرەکە کچێکی ڕێکپۆشە و تاس کلاوێکی لەسەرناوە بە ڕەنگی ڕەش و کۆمەڵی خشل و گوڵینکە ڕازێنراوەتەوە، کراسێکی ئاودامانی شینی کۆباڵتی پۆشیوە کە هێلەکێکی ڕەشی بە نەخش چنراوی بەسەردا لەبەرکردوە،وەک دیارە پێڵاوێکی پاژنەبەرزی لەگەڵ ئەم جلە کوردیانەدا پۆشیوە،لە بەشی خواروی تابلۆکە چەند پلە قادرمەیەکی بەردین هەیە کە ئەم فیگەرەی لەسەر وەستاوە، ناوەڕاستی تابلۆکە دەرگایەکە کە بە داری سروشتی دروست کراوە بە ڕەنگی قاوەیی کە دیزاینێکی چەماوەی هەیە لە بەشی سەرەوەی دەرگاکە کە گوزارشتە لە شێوازێکی ئەندازیاری سەردەمێکی دیاریکراو لە کوردستاندا، لای چەپ و ڕاستی دەرگاکە دو یەکەی شێوە بازنەیی هەیە کە دەکرێت ئامرازی لە دەرگادانبن، لای چەپ و سەرەوەی ئەم تابلۆیە پانتایەک بە ڕەنگی مۆر وەک سێبەرێك بە مەبەست کاری تێدا کراوە، بەپێچەوانەوە و لای ڕاستی دەرگاکە روناکی بەدیدەکرێت و دەتوانین بە ئاسانی درک بەوە و یەکە چوارگۆشەیە بکەین کە بە دیوارەکەوە لکێنراوە کە گوزارشتە لە ناونیشانی ئەو جێگایە.

ئەم تابلۆیەی خیری ئادەم دەکرێت دارشتنێکی شێوە هەرەمی هەبێت یان سێگۆشە، چەقی قورسایی تابلۆکە دەکەوێتە ناوەندی تابلۆکە کە فیگەری کچەکەیە و بە تەنیا خۆی ڕۆڵی سیادی تابلۆکە دەگێڕێت، بە هۆکاری ئەوە خۆی تاکە فیگەرە و کەوتۆتە ناوەندی تابلۆکەوە.

ئەم تابلۆیە لە ڕوی توخم و ماتریالەوە دەکرێت دابەشیکەین بەسەر سێ یەکەی سەرەکی پێکهاتەی تابلۆکە کە ئەوانی (بەرد،دار، قوماش) ە ....بە هۆی تەکنیکی وەشاندنی فلچەکانی هونەرمەند توانیوێتی تێکسچەری ماددەکان وەک خۆی بگەێنێت و بینەر بە تەواوی هەستی پێبکات.

لە ڕوی ڕوناکی و تاریکییەوە هونەرمەند زۆر بە شێوەیەکی دروست و هارمۆنی تاریک و ڕوناکی ناو دیمەنە هونەرییەکەی دابەشکردوە بە جۆرێک کە دەکرێت نزیکمان بکاتەوە لەو کاتەی (زەمەن) کە تابلۆکەی تێدا کێشراوە بە هۆی ئاراستەی تیشکی خۆرەوە و ئەو ڕەنگ و کەشە ساردەی کە هونەرمەند لە تابلۆکەدا نەخشانوێتی دەتوانرێت کاتەکەی دیاری بکرێت.

بە گشتی ئەم تابلۆیە لە ڕوی ڕەنگەیە دابەش دەبێت بە سەر دو کۆمەڵە ڕەنگی ساردو گەرمدا .گەرمەکەن خۆی لە ئۆکەر و کەمێک پرتەقاڵیَ دەبینێتەوە و بەشێکی زۆری تابلۆکە بە ڕەنگە ساردەکان داپۆشراوە کە مۆر و ڕەنگی وەنەوشەیی وپلەکانی شین و ڕەساسی و کەمێک پەمەی زاڵ دەبێت بەسەر چاوی بینەردا.

جوڵە لەم کارەدا ڕۆڵی گرنگ دەگێرێت بەردەوامی دەدات بە زیندوهێشتنەوەی تابلۆکە، وا دەکات بینەر زیاتر لەگەڵ بینینەکانی بمێنێتەوە و هەوڵی تەواوکردنی ئەو جوڵەیە بدات کە فیگەرەکە هەیەتی بە سەرکەوتن بەسەر ئەو قادرمەیەدا سەرەنجی بینەر ڕادەکێشێتە سەر هەمو وردەکاریەکانی فیگەرەکە.

## ئەنجامی توێژینەوەکە

**ا-ئەنجام:**

پاش لێکۆڵینەوە وشیکاری نمونەی توێژینەوە (کارە هونەرییەکان) و لەسەر بنەمای پرسیارەکانی کێشەی توێژینەوە وئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە، توێژەر گەیشت بە کۆمەڵێک ئەنجام لە ڕێگەی میتۆدی وەسفی شیکاری، ئەنجامەکان بەم شێوەیە بون:

١ -ڕەنگدانەوەی جلوبەرگی کوردی لەسەر ئاستی پێکهێنانی لەڕوخساری دەرەکی کارە هونەرییەکان دەردەکەوێت، بەتایبەت لەسەر ئاستی توخمە سەرەکییەکانی هونەر و دیزاین وەک (ڕەنگ، هێڵ، ساو، پاتێرن وهتد).

٢ -جلوبەرگی کوردی لەسەر ئاستی شێواز و شێوازگەرایی ڕەنگدانەوەی هەیە لە وێناکردنی دیاردە بینراوەکان لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا، ئەمەش لە ڕێگەی چەندین شێواز تێبینی دەکرێت.

٣ -ڕەنگدانەوەی جلوبەرگی کوردی لەسەر ئاستی چەمک وبابەتی کارەکە دەردەکەوێت وەک ئاماژە بۆ هزری ئایدیولۆژی و نیشتیمانی، یان وەک گێڕانەوەی چیرۆکە میللی و ناوخۆییەکان بە شێوەیەکی بینراو و لە چوارچێوەی شێوازەکانی هونەر و دیزایندا.

٤ -جلوبەرگی کوردی ڕەهەندێکی نیشتیمانی لەخۆدەگرێت لە ڕێگەی بەکاربردنی هێما و سیمبولی ناوخۆیی بە تایبەت لە وەرگێڕانی چیرۆکە ناوخۆییەکان لە زمانی زارەکی گوتراو یا نوسراو بۆ زمانی وێنەی بەرجەستەکراو (بینراو)، ئەم ڕەنگدانەوەی لە ئاستی سەرجەم بابەتەکان دەردەکەوێت چ کلتوری، مێژویی، کۆمەڵایەتی یا سیاسی بێت.

٥ -جلوبەرگی کوردی لە ڕێگەی شێواز و ڕێبازە هونەرییە جیاوازەکان دەردەکەون لە کاری هونەری هونەرمەندانی هەرێمی کوردستانی عیراقدا، هەر لە شێوازە باوەکانی وێنەکێشان تا شێوازەکانی هونەری هاوچەرخ.

٦ -سروشتی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە دیمەنی خستنەڕوی جلوبەرگی کوردی لە هونەری شێوەکاری هەرێمی کوردستانی عیراقدا، وەک ڕاگەیاندنی پەیوەندی نێوان سروشت و پۆشاک لە چێوەی بۆنە و ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەت لە جلوبەرگی ژنان کە دەوڵەمەندە لە ڕوی بەکارهێنانی ڕەنگ و نەخش ونیگار وتوخمە سروشتییەکان وەک گوڵ و گەڵا و شێوەی ڕوەک، ئەمەش ڕەنگدانەوەی شێوازی ڕۆمانسیيە بۆ بەکاربردن و چالاککردنی یەکە وتوخمەکانی ناو سروشت.

٧ -جلوبەرگی کوردی لە کاری هونەری هونەرمەندانی هەرێمی کوردستانی عیراقدا، نوێنەرایەتی چەمکێکی ئێستەتیکی دەکات و بابەتی جوانی دەخاتە ڕووەوە لە قەوارەی جوانی بابەت وەک سروشت، مرۆڤ و چەندین بابەتی جوان، بەدەر لە جیبەجێهێنانی ئەرکی گوزارشت و دەربڕینی هزر و واتەکانی ناو بابەتەکە.

٨ -وێناکردنی جلوبەرگی کوردی لە هونەری شێوەکاری هەرێمی کوردستانی عیراقدا، ئەرکی ئەرشیف و بەڵگەنامەکردنی بابەت و بەرهەمە کلتورییەکان لە ئەستۆ دەگرێت، بەتایبەت لە شێوازەکانی وێنەکێشانی ڕیالیزم.
٩ -ئەرشیفی فۆتۆگرافی ژێدەر وسەرچاوەیەکی کاریگەر وفاکتەرێکی گرنگە بۆ نوێنەرایەتی و بەرجەستەکردنی شێوەی جلوبەرگی کوردی لە چێوەی کاری هونەری شێوەکاری هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا.
١٠- بابەتی ئەفسانە و داستان و چیرۆکەکانی نێو ئەدەبی کوردی لە وێناکردنی جلوبەرگی کوردی ڕەنگدەداتەوە لای هەندێک لە هونەرمەندانی هەرێمی کوردستانی عیراقدا.

**ب-دەرئەنجام**

١- دیزاینی جلوبەرگ وەک هەر جۆرە دەربڕینێکی داهێنەرانە توانای یەکتربڕین و کاریگەری لەسەر فۆرمەکانی هونەری شێوەکاری هاوچەرخ هەیە لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا. سنورەکانی نێوان دیزاینی جلوبەرگ وهونەری شێوەکاری یەکتربڕن، تاکە جیاوازی لە نێوانیان پەیوەستە بە ئەرکی دیزاین وەک وەک پێداویستیی بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانەی مرۆڤ.
٢ -هونەرمەند و دیزاینەر کارەکانیان ناوەندێکە بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچون لە پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتورییەکان.
٣ -دیزاینی جلوبەرگی کوردی هەردو ڕەگەزەکە هیچ ژمارە و نوسینێکی تێدا نییە، بەڵام دەوڵەمەندە لەڕوی بەکارهێنانی ڕەنگ و ڕازاندنەوەی پۆشاک بە نەخشونیگار و توخمە سروشتییەکان.

**پ-ڕاسپاردە**

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەدا کە دەربارەی ڕۆڵی دیزاینی جلوبەرگ و کاریگەرییەکانی لەسەر هونەر لە هەرێمی کوردستاندا، توێژەر ئەم خاڵانەی لای خوارەوە ڕاسپاردە دەکات:
١- کردنەوەی بەشێکی تایبەت بە دیزاینی جلوبەرگ لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان.
٢- زیاتر گرنگیدان بە دیزاینی جلوبەرگ و هاندانی خوێندکاران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە وەک یەکێک لەو بابەتانەی کە کاری لەسەر نەکراوە لە ڕوی تیۆرییەوە بە شێوەیەکی ئەکادیمی.
٣- دروستکردنی گەلەریەکی مێژویی پرۆفیشناڵ تایبەت بە هەمو جۆرە جلوبەرگێکی کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

## سەرچاوەکان

سەجادی، بەختیار،(٢٠٠٤). شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی. چاپخانەی گزنگ، هەولێر.

قانع، بورهان،(٢٠٠٣). فەرهەنگی نوێ. چاپخانەی هەڵشۆ، هەولێر.

محەمەد، کەمال،(٢٠١٩). فەرهەنگی فەلسەفەی سویدی-ئینگلیزی-کوردی. چاپخانەی تاران، تاران.

تەڕەماری، جەعفەر، (٢٠٢٠). ناوچەی سلێمانی. چاپخانەی پرۆژەی قەفتان، سلێمانی.

سوارە، ئاسۆ، (٢٠١٩). ئەلبومی وێنەی دیکۆمەنتەری مێژوی. چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

غەریب، ئاکۆ، (٢٠٠٧). مێژوی جلوبەرگی کورد. چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

Das, Monalisa. (2022). Origin and history of clothing. University of culture. Pdf

Gobeto deme, selom. (2016), Basic design a needed foundation for. Pdf.

Sayeed, reeh، (2018). Five basic principles of fashion design. Published by Johans hopkins, University press. (Arrticle) Pdf.

Selbach, veruschka. (2008). Fashion and textiles. Pdf.

Shea t, maria. (1996). Kurdish costume regional diversity and divergence.

Kwon, jin yoo. (2017). Classic style actuall mean to costumer. Fine Art university.

Khan, tayeeb. (2022). Principles and elements of art in fashion design. Fine Art university.

Antoniado Konstantina. (2022). types of fashion that you can wear. Available at:

https://thetechfashionista.com/types-of-fashion-styles/

Simmel, G. (1904). Fashion. International Quarterly. Available at :

https://iastate.pressbooks.pub/dressappearancediversity/chapter/fashion-theories/

میرخان، قادر. پەیوەندی تایبەت تۆڕی ڤایبەر، ٢٠٢٣/٨/١١.

حەمەصالح، ڕێبوار. ئەتیلەری تایبەت بە خۆی، ٢٠٢٣/٨/٢١

غەریب، ئاکۆ. ئەمنەسورەکە، ٢٠٢٣/٦/٢٧.